# باوەش

## کۆمەڵە چیرۆکێکی رۆژنامەنووسی


نووسینی

**نەجات روستی**



چاپی یەکەم

سلێمانی 2006





ناوی کتێب: باوەش

نووسینی: نەجات روستی

بابەت: کۆمەڵە چیرۆکێکی رۆژنامەنووسی

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: کارزان محەمەد

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردن: ی 2006

چاپی : یەکەم ساڵی 2006 کوردستان –سلێمانی


najatrosty@yahoo.com

# پێشکەشە.....

# بە یاد



# خوێنەری ئازیز

سەرجەم ئەو چیرۆکانەی لەم کتێبە دا جێگەیان بۆتەوە لەم رۆژنامەو سایتەکانی ئەنترنێت بلاو بونەتەوە.

- رۆژنامەی کوردستانی نویٚ
- هەفتەنامەی رێبازی ئازادی
- نیو مانگی رۆژنامەی نۆژەن
- هەفتە نامەی ژیانەوە
- هەفتە نامەی پێگە
- سایتی کوردستان نێت www.kurdistannet.org
- سایتی ئاران کورد www.arankurd.com
- سایتی کلاّورۆژن www.klawrojna.com

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| بەر لە خوێندنەوە | 6 |
| کابینەی 6 | 9 |
| پەنــاگەیەك بۆ ئاوێتەبوون | 19 |
| چاوەڕوانی | 27 |
| پەشیمانی | 41 |
| ئای... بۆ باوەشێ. | 49 |
| ئەژین.. تا.. ئەمرین | 59 |
| لەپێناو ئەوە نەژیا | 67 |
| ژنێکی... کچ... | 75 |
| باوەش | 85 |
| ڕازی کچێك | 95 |
| مارێنز | 101 |
| کوتایی | 109 |
| شەوە هیلاکەکانی تەمەن | 119 |




### بەر لەخوێندنەوە

چیرۆکی ڕۆژنامەنوسی گەڕانـەوەی ئـەو زەمەنەیـە کـە پاڵەوانـەکان تێیدا ژیاون‌و بەبێ ئەوەی هەست بە هـەموو ئـەو سـاتە جوان‌و پڕ لـە سۆزانە بکەن کە تێدا ژیاون.

زەمـەن ئـەو کاتـە لـە ژیـانی هـەر یـەکێك لـەم کـرارە ئەکتەرانـە بۆتـە چەندساتێك هەمیشە وایـان زانیـوە ئیـدی لێـرە ژیـان کۆتـایی دێـت‌و هیوا بۆتە ئەو چاوەڕوانیەی کە هەرگیز جارێکی تر ڕوو ناکاتەوە ئەو مەملەکەتەی کە ئەوانی تێدایە.

لـە نێـو زەمــەنی ئـەم چـیرۆکە ڕۆژنامەنووسـیانەی لـەم کتێبـە جێگایان بۆتەوە بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانە دەگێڕنەوە لە ژیانیان.

پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، لەلایەکی ترەوە هـەموو ئـەو ڕاستیانە دەدرکێنن, ئەگـەر لـەو کاتـەی کـە لـە نێویـدا ژیـاون، باسـیان بکردایـە ئەوا ژیانیان بەرەو سیسی و کوژانەوە دەچوو.

ئەو ناوانەی لەم چیرۆکانەدا هاتوون, هیچیان ئـەو نـاوە ڕاسـتەقینە نین کـە لـە ڕاسـتیدا لـە نێـو ئـەو چیرۆکانەدا ژیـاون. گێڕانـەوەی ئـەم بەسەرهاتانە بۆ ئەوە نییە کە تەنها کاتێکی ژیانت بـە خوێندنـەوەیان بەسەر بەریت، بەڵکو ئەمە چەندین ئەزمونی تاڵی ئەو مرۆڤانـەن کە ڕاســتگۆیانە لەگــەڵم دواون‌و بــەبێ ئــەوەی کــە گومــانی دزینـــی بەسەرهاتەکانیانم لێبکەن.

بۆ زانینـی ئـەم بەسـەرهاتانە چـەندین ڕۆژو شـەوم خسـتۆتە سـەر یەك, تابتوانم بەسەرهاتی ئەو چەند کەسەم لە دوتۆیی ئەم چیرۆکانە خـستۆتە ڕوو، ئــەو زمانــەی ئــەم چـیرۆکە ڕۆژنامەنوسـیانەی پــێ

نووسـراوه سـادەو سـاكاره، چـونكه يـەكێك لـه مەرجـەكانی زمـانی رۆژنامەنووســی ســادەی بــەكارهێنانی وشــەیه بــۆ گێڕانــەوەی بەسەرهاتەكان.

بەم سادەییه دەتوانم چیرۆكی رۆژنامەنوسیم لـه چیرۆكی ئـەدەبی جیابكەمەوه، خوێنەر بەئاسانی بەسەرهاتەكه وەردەگرێت.

نەجات روستی

زستانی سلێمانی

# 1

# کابینەی (6)

## 1

# کابینەی (6)

دوانیوەڕۆیەکی زوو بەرەو ئۆفیسی رۆژنامە دەچووم بەڕێگاوە لە پاسەکەدا زەنگی تەلەفونەکەم لێدا، سەیرم کرد ژمارەی ناوخۆ نییە، ویستم وەڵامی نەدەمەوە، چونکە نێو پاسەکە زۆر قەڵەباڵغ بوو، خۆشم لەسەر پێان وەستابووم، پەنجەم نا بەدوگمەی بەتاڵکردنەوەی تەلەفۆنە هاتووەکەدا، بیرم لەو ژمارەیە دەکردەوە بزانم هی کێیە..جارێکی تر زەنگی مۆبایلەکە لێیدایەوە، ئەو مامۆستاییەی لەبەرامبەرم دانیشتبوو وتی وەڵامی بدەرەوە بەڵکو کارێکی زەرووری هەبێت.

– .. بەڵێ... کێم لەگەڵە.. ئێستا من لەناو پاسم دوای دە دەقیقەی تر تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە..

–نا...نا.. تۆ کاتژمێر (9) شەو وەرە بۆ سەنتەری (وەفا) من تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

–ئەوێی بۆ چییە بۆ تەلەفون بۆ مۆبایلەکەم ناکەیت؟

–زۆر بەزەحمەت بۆم وەردەگیرێت.

– بەڵێ باشە.

دوای ئەوەی لە پاسەکە دابەزیم بەدەفتەری هزری خۆمدا چوومەوە (رووبار) کێیە؟ باشە ئەبێت چ کاری بەمن بێت؟ لەبیرکردنەوەیەکی



قوڵ دابووم بۆئەوەی بزانم کێیە....... هەر نەمزانی! ئێوارەکەی بەپەلە چەند ژوانێکم هەبوو ئەوەی توانیم چووم، ئەوەی تریشم بۆ کاتێکی تر دواخست، شەو لەکاتی دیاریکراو گەیشتمە سەنتەرەکە، لەیەکێك لەکارمەندەکانی ئەوێم پرسی:

–هیچ تەلەفۆنێك بەناوی (...)ەوە نەکراوە.

–نەخێر..

–ژوانم هەیە لێرە ئەتوانم چاوەڕێ بکەم..

–بەڵێ فەرموو..

لەسوچێکی سەنتەرەکە بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشتم، سەیری کاتژمێرەکەم کرد (دە) دەقیقە لەکاتی دیاریکراومان لایداوە، لەبەر خۆمەوە ئەم وت:

تۆ بڵێی راینەبوارد بێت؟... نا .. نا.. ژمارەکە هی دەرەوە بوو.. ئەگەر ناوخۆ بوایە رێگای تێدەچوو.. لەپڕێکدا کارمەندێکی سەنتەر وتی:

–(....) کێیە.

بڕۆ بۆ کابینەی (شەش) بەپەلە خۆم گەیاندە کابینەکە چاوەڕێی زەنگ بووم کابرای بەدالەی سەنتەر وتی تەلەفونەکە هەڵبگرە (رووبار) لەگەڵتدایەو قسەبکە..

–بەڵێ..

هەواڵپرسینێکی زۆر گەرم وگوڕ، سەرم سوڕماو لەروشم نەدەهات بڵێم تۆ کێی؟ چونکە ئەو منی باش دەناسی، دوایی هەر خۆم بۆ نەگیراو وتم ئەزانی دەنگت باش ناناسمەوە..!

ئەویش کەوتە گلەیی وتی ئەزانم کەست بیرنەماوە، شەرت بێت تا نەم ناسیتەوە قسەت بۆ نەکەم، جارێکی تر کەوتەوە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان ناوی هەندێك هاوڕێی خوشەویستمی هێنا کە هەموویان لە دەرەوەی وڵات بوون، هەر بیرم نەکەوتەوە. بێزاربووم وتم ئەگەر قسەم بۆنەکەیت تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە.

بەپێکەنینێکی زۆرەوە..

–نا..نا..دای مەخەرەوە قسەت بۆدەکەم...وتی کێ لەشانۆنامەی (سۆز ) لەگەڵتدا بەشداربوو. ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەگەڵتدا.

–ئێ ئێ.( ....) بەڵام ئەو لەژیاندا نەماوە ماوەی هەشت ساڵ دەبێت ... زۆر بەناهەق کۆتاییان بەژیانی هێنا. دیسان بەپێکەنینەوە وتی..

–نا...نا..ماوم ئەوە نییە قسەت لەگەڵ دەکەم.

وتی هەرچەندە ئێستا لەگەڵ کچێکی هاوڕێم بەرەو شارێکی تر دەڕوێن، بەڵام بەکورتی بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە، هەر کە لەچەند ڕۆژی داهاتوو ماوەم هەبوو بەدرێژی بۆت دەگێڕمەوە.. دوای ئەوە منیان گرت بەرپرسەکە وتی دەبێت شووم پێبکەیت ئەگەر نا، کۆتایی بەژیانت دەهێنم..

منیش وتم ئاخر تۆ تەمەنت زۆر گەورەیە، چۆن منو تۆ بۆ یەك دەبین.. بەتووڕەبوونەوە وتی دەبێتو قسەی تریش مەکە، سوێندێکی بەموقەدەساتی خۆی خوارد ئەگەر شووی پێنەکەم دەمکوژێت. منیش بۆ پاراستنی گیانی خۆم، بەداواکەی رازی بووم. بۆ شەوی دواتر پێی وتم خۆم ئامادەبکەم دەڕۆین بۆ سەفەر.



بەیانییەکەی بەڕێکەوتین بۆ شوێنێکی نادیار کە نەمدەزانی بۆ کوێ دەچین، لەرێگا دڵی زۆر خۆشبوو، بەدەم گۆرانیە بێتامەکانەوە دەیوتەوە، لێم پرسی بۆ کوێ دەڕۆین..وتی دەچین بۆ مانگی هەنگوینی. خەفەتێکی زۆر دایگرتم قسەم بۆ نەکرا. پاش ڕۆیشتنێکی زۆر گەیشتینە شارۆچکەیەکی گەشتوگوزاریی، کات شەشی ئێوارە بوو، وتی دابەزە، کە لەئوتێلەکە چووینە ژورەوە بەخاوەن ئوتێلەکەی وت ژوورێکی باشمان بۆ دابنێ تازە زاواین.. کارمەندی ئوتێلەکە سەیرێکی منی کردو سەرێکی لەقاند .... پیرۆزە.. بڕۆنە ژوری ژمارە (6) ئامادەیە.

سەرکەوتینو بەرەو ژورەکە ڕۆیشتین.. ویستم هەوڵبدەم ڕابکەم پێم وت دەچم بۆ دەستشۆر.. وتی لەژوورەوە هەیە، ژوورەکە زۆر خۆشە، چەندین جار تێیدا خەوتووم. قۆڵی گرتمو بەرەو ژوورەوە رایکێشام، دوای دەرگاکەی داخستو کلیلەکەی خستە گیرفانی خۆیو پەلاماری دامو جلەکانی لەبەر داکەندم، بەبێئەوەی بهێڵێت من دەست بەرزبکەمەوە، زۆر سەرشێتانە کەوتە لێسینەوەی لەشم..

زۆر بێتاقەت بووم، خوێن هەموو گیانمی داشۆری بوو... تا بەیانی وەك گورگی برسی بەدەورمدا دەهات. لەگەڵ کازیوەی بەیان هەڵسامەوە، گورگەکە خەوتبوو شتەکانم کۆکردەوە، بەدزیەوە دەرگاکەم کردەوە لەگەڵ خۆشم کلیلەکانم هەڵگرتبوو لەرووی دەرەوە دەرگاکەم کلیل داو بە خشپە چوومە خوارەوە.

کارمەندی ئوتێلەکەش لە پرخەی خەودابوو، هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە سەر شەقامی سەرەکی بەتەکسیەك خۆم دەرباز کردو

ڕۆیشتم بۆ شارێکی تر. لەوێ شەوەکەی لەماڵی ڕەفیقێکم بووم، شەو میوانێکیان هەبوو لەقسەکانی دیاربوو کەخەڵکی دەنارد بۆ دەرەوەی وڵات، دوای یەکترناسینمان داوام لێکرد هەرچۆنێك بێت هەوڵی دەربازبوونم بدات، پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆم، ئەو برادەرە بەڵێنی پێدام کە لە دوو ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ وەجبەیەك ڕەوانەم دەکات، ژنێکی تریشیان لەگەڵ هاوسەرەکەی لەگەڵیاندایە، پاش چوار ڕۆژ چاوەڕوانی کابرای قاچاخچی هاتەوە، ئێوارەیەکی درەنگ پەیوەندی پێوە کردم:

وتی شەو سەردانت دەکەم بۆ ئەوەی بزانیت چۆن دەڕۆین، چونکە هەموویان پیاون تەنها ژنێکی تر نەبێت ئەویش هاوسەرەکەی لەگەڵە، جاری واش هەیە شەوانیش لەچۆڵەوانی دەمێنینەوە، بۆئەوەی بزانی چی دەکەیت، دێم بۆلای تۆ پێت دەڵێم، شەوەکەی لەماڵی ئەو ڕەفیقەم سەردانی کردم پێی وتم، دەبێت لەلای کورەکانی تر بڵێیت کە خێزانی (بێوارم ) بۆ ئەوەی ئەوانی تر بەچاوێکی تر سەیرت نەکەن، بێوار خزمێکی نزیکی قاچاخچیەکەبوو.

بەیانی کاتژمێر چواری بەیانی هاتن بەشوێنمدا بەرەو سنوری ئێران بەڕێکەوتین، لەڕێگا دەبوایە هەر لەگەڵ بێوار بوومایە تەنانەت لەکاتی خەوتنیشدا، هەموویان وایاندەزانی کە هاوسەری یەکترین، دوای شەش ڕۆژ مانەوەمان لەئێران بەرەو شاری (وان ) بەڕێکەوتین دوای دوو ڕۆژیش گەیشتینە (وان) دوانزە ڕۆژیش لەوێماینەوە شەوان هەموومان لە ژورێکی بچوك دەماینەوە، دوای ئەو چەند ڕۆژە



گەیشتینە ئەستەمبوڵ، لەوێش لە شوقەیەك دایان ناین شەوەکەی تا بەیانی ماینەوە بەیانی  قاچاخچیەکە وتی:

کاری من تەواوبوو، ئیتر ئێوە چی دەکەن ئازادن.

دوای مانگێك کوڕێکی کوردی دیاربەکرم ناسی کە کاری دەربازکردنی کۆچبەران بوو بۆ یۆنان، منیش داوام لێکرد دەربازم بکات بۆ یۆنان، ئامادەیی خۆی نیشان دا، داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم بۆ شوقەکەی، چونکە لەوێ هەر کاتی ڕێکەوت، بەرەو یۆنان دەڕۆن، منیش لەگەڵی چووم.

ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ مامەوە، دواتر لەگەڵ بیستو دوو کەسی تر بەرەو یۆنان بەڕێکەوتین، دوای کێشانی ئازارێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە ئەسینا، کە گەیشتمە ئەوێ وام دەزانی تازە هاتوومەتە دونیاوە، چونکە دڵنیابووم کە ئیتر دەستی ئەو دڕندەیەم ناگاتێ.دوای سێ مانگ مانەوەم بەرەو ئیتاڵیا بەڕێکەوتین، دوای ئەوێ قۆناغ بە قۆناغمان بڕی تا گەیشتینە ئێرە. لەهەموو ئەو ڕێگایانە بۆ دەربازبوونم هەموو داوایەکی ئەو کەسانەم بەجێهێناوە تەنها لەبەرئەوەی لەو ئازارو مەینەتە ڕزگارم بێت کە تێیدا دەژیام.

ئەمە کورتەی بەسەرهاتی سەفەرەکەم بوو، ئێستاش وەکو جاران خۆشم ئەوێی بڕوابکە بۆت دەسوتێم، لەبەر ئەوەش ئەو بەسەرهاتەم بۆ گێڕایتەوە بۆئەوەی ئەو پرسیارەت لەلا دروست نەبێت کە چۆن گەیشتمە ئێرە، چاوەڕێی وەڵامی تۆم ئایا وەکو جاران خۆشت

دەویێم، لەسەرەتای پەیوەندیمان ئەمە پرسیاری تۆ بوو بۆ من بەڵام ئێستا هی منە بۆ تۆ.

دەتوانی بۆ چەند ڕۆژێك بیری لێبکەیتەوە.. ئەنجا وەڵام بدەیتەوە....؟

دەمویست دەمودەست وەڵامی بدەمەوە ....... خەتی تەلەفۆنەکە بڕاو زۆر لە دەرەوەی سەنتەر هەوڵمدا پەیوەندی پێوە بکەمەوە بۆم وەرنەگیرایەوە....بۆ ڕۆژی دواتر سەیرم کرد ژمارەی تەلەفۆنەکەشی لەمۆبایلەکەم سڕاوەتەوە!

# 2
# پەنـــاگەیەك بۆ ئاوێـتەبوون

## 2

## پەنـــاگەیەك بۆ ئاوێـتەبوون

بەر لـەوەی بگەمـە ناوەنـدی بـازاڕ، ویـستم سـەریٚ لـە هاوڕێیـەکی زەڕەنگـەرم بـدەم، دەمێـك بووبـەنیازبووم‌و یـەکتریمان نـەبینی بـوو، بـــەرەو شـــەقامی ســـەرەکی لای دوکانەکـــەی شـــۆڕبوومەوە، ئۆتۆمبیلەکەی بەرامبەرم سەرنجی راکێشام، کچە رۆژنامەنووسێکی بیانی لەناویدا بوو دەیویست لە ئۆتۆمبیلەکە بێتە خوارەوە، بەڵام هـەر سـەیری قـاچ‌و لـەش‌ولاری خـۆی دەکـرد، وەك بڵێـی ترسـێکی هەبێت لە بەرئەوەی جلێکی زۆر تەنکی لەبەر دابوو، سینگ‌و مەمکی بـەدەرەوە بـوون، ئەوەنـدە لـەنزیکی نەمامـەوە، رێگاکـەم گرتەبـەر لـە پڕێك لەدواوە بانگیان کردم کە ئاوڕم دایـەوە مامۆستا جوان بـوو، لە رۆژی دەرچوونی لـە پـەیمانگاوە نـەم بینیبـوو، بـەبینینی دڵـشادبووم پاش هەواڵ پرسین گلەیی زۆری کرد کە هەواڵم نەپرسیوە، هەرچەند بەهانەم هێنایەوە سوودی نەبوو، بەڵێنم پێدا ئیتر لەمەودوا سەردانی بکەم‌و لێی دانەبڕێم، هێشتا خواحافیزیمان لەیەکتر نـەکردبوو زەنگـی مۆبایلەکەم لێدرا.. بەڵێ گیان ...

* کاکـە گیـان تـۆ لـە کـوێی زیـاتر لـە نیـو سـەعاتە هـەوڵ ئـەدەم پەیوەنـدیت پێـوە بکـەم، بـۆم وەرنـاگیرێ، کاکـە هـەر ئێـستا وەرە بـۆ نەخۆشخانە



– بۆ؟ چی بووە؟

* هـیچ نـەبووە، دڵنیابـە تـەنها بـۆ بابـەتێکی رۆژنامەنووسـییەو هیچی تر.

– ئێ باشە بە تەلەفۆن پێم بڵێ..

* کاکە گیـان بەتەلـەفۆن ناکرێـت زووبکـە خـۆت وەرە باشـترە.. مـن سیروانم بابەتـە رۆژنامەنووسیەکانت دەخوێنمـەوە، تەلـەفۆنی تـۆم لـە رۆژنامەی (.... ) وەرگرتووە.

– باشـە کاکـە گیـان پـاش یـەك چـارەکی تـر دەگەمـە لات، خـۆت دەزانی شار زۆر قەرەباڵغە تا دەگەمە لات ئەوەندەی پێ دەچێت...

* باشە من چاوەڕێت دەکەم من تۆ بە شێوە دەناسم بـەڵام تـۆ مـن ناناسی، لەبەردەرگای نەخۆشخانە چاوەڕێت دەکەم.

کە گەیـشتمە بـەر دەرگـای نەخۆشـخانە، قەرەباڵغییـەکی زۆر بـوو، ناسنامەی رۆژنامەنوسیم دەرهێناو لەنێو قەرەباڵغیەکە خـۆم گەیانـدە پۆلیسەکە پێم وت:

کاکە مـن رۆژنامەنووسـم دەمـەوێت سـەردانی هاوڕێیـەکی نەخۆشـم بکـەم، کـە وتم رۆژنامەنووسـم وتـی مامۆسـتا دەبێـت رەزامەنـدی بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەت هـەبێت ئینجـا رێگـات دەدەم بـچیتە ژوورەوە، پاش تکایەکی زۆر کاکی پۆلیس ڕازی بوو بچمە ژوورەوە، لەگـەڵ گەیـشتنم بـۆ نـاو قاوشـی یەکـەمی نەخۆشـخانە، کـوڕێکی سوورکەڵەی چاوشین بەرەو ڕووم هات، وتـی بـەخێر بێیـت فـەرموو با بچینە ئەم ژوورە، من سیروانم ماوەیەك لەمەوبـەر تەلـەفۆنم بـۆ کـردی، ئیـدی دڵنیـابووم کـە ڕووداوێـك هەیـە، کـە چـووینە ژوورەکـەوە

دەرگاکەی داخست، وتی مامۆستا ئێستا هەندێك شتت بۆ باس دەکەم هەرچەندە زۆر باوەڕم پێت هەیە، بەڵام حەز دەکەم کەس نەزانێت کەسەکە کێیە..

– باشە دڵنیابە.. فەرموو با بڕۆین بەر لەوەی بگەینە ژووری مەبەست کورتەیەکی لە رووداوەکە بۆ باسکردم، بەڵام وتی با کوڕەکە خۆی رووداوەکەت بۆ بگێڕێتەوە.. گەیشتینە سوچی کۆتایی نەخۆشخانە، سیروان دەرگایەکی کردوەو وتی فەرموو، کە چووینە ژوورەوە بینیم کوڕێکی تەمەن ناوەندی، لەسەر قەرەوێڵەیەك ڕاکشابوو، دەموچاوی هەندێك پەڵەی برینی پێوەبوو، پێشوازی لێکردم، وتی دڵنیاببم لەوەی کە باسی دەکەم خەڵکی نازانێت منم..

–دڵنیا ببە..

ماوەیەکە پەیوەندیم لەگەڵ کچێك هەیە، ناوە ناوە بە ئۆتۆمبیل دەمبردە شوێنی مەبەست، بۆ ئەوەی کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەربەرم.

ئەو رۆژە خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی چاوەڕێت دەکەم، وەرە بەشوێنمدا، منیش وەکو رۆژان چووم بۆ شوێنەکەو لەگەڵ خۆم بە ئۆتۆمبیل بەدەوری جادەی شەست مەتری سوڕاینەوە، زۆر هەوڵمدا شوێنێکی چۆڵ بدۆزمەوە، بۆئەوەی بەیەکەوە رابوێرین و مومارەسەی سێکس بکەین، هەرچەند من حەزم لێبوو، بەڵام ئەو زیاتری حەز لێبوو، داوای لێکردم بچینە شوێنێك لە دەرەوەی شار، بەڵام من کاری ترم هەبوو بۆم نەدەکرا بچم...



هەوڵم دا لە دەوروبەری شار شوێنێکی چۆڵ بدۆزمەوە، چووم بۆ سێ شوێن بە ئۆتۆمبیلەکە جێگای چۆڵ نەبوو دواجار لە شوێنك وەستام، لە دواوەی ئۆتۆمبێل باوەشم پیاکردو دەمم خستە ناو دەمی، لە پڕێکدا ئۆتۆمبیلێك بەرەو ڕوومان هات ناچار بووم لە شوێنەکە بڕۆم...

چووم بۆ شوێنێکی تر بەڵام لەوێش دەستمان کرد بە ماچ و موچ ویستم زوو کارەکەم تەواوبکەم...

تەنورە نەرمەکەی هەڵدایەوە ویستم باوەشی پیابکەم، گوێم لە هۆڕینێکی ئۆتۆمبیلێ بوو دیار بوو ئەویش کوڕو کچێکی تر بوون هەر لە پێناو عەشق هاتبوون بۆ ئەو ناوە، ناچار ئەم جارەش دەستم لە کارەکە هەڵگرت.

لە پڕێکدا هاوڕێیەکی خۆشەویستم تەلەفۆنی بۆ کردم، منیش داوام لێکرد کە لە شوێنێك چاوەڕێم بکات بچم بە شوێنیدا، هەر چەند کچەکە زۆری پێ ناخۆش بوو بەڵام قەناعەتم پێ هێنا ئەگەر ئەومان لەگەڵ بێت دەتوانین بە ئاسانی مومارەسەی سێکس بکەین.

دوای ئەوەی هەردووکمان بە ئۆتۆمبیلێ چووین بەشوێن هاوڕێیەکەمدا، لە شوێنی مەبەست هەڵم گرت و بەرەو شوێنێکی نزیکی شار رۆیشتین، ویستم هاوڕێیەکەم بکەمە پاسەوان بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆم کارەکەم بکەم.

بەڵام بەهۆی بوونی قەرەباڵغیەکی زۆر نەمانتوانی و جێگایەکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، هاوڕێیەکەم وتی بۆ ناچنە ناو سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە، وتم فیکرەیەکی باشە بەڵام کچەکە رازی

نەبوو.. دوای ئەوەی خۆم لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیمو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەم هەڵدایەوە.

زۆر بە گەورەیی هاتە بەرچاوم چوومە ناویو پاڵم دایەوە، بانگی کچەکەم کرد ئەویش هاتە ناو سندوقەکەو هاوڕێیەکەم لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیو سندوقەکەی داخست.

دوای ماوەیەك هەستم کرد ئۆتۆمبیلەکە خەریکە دەڕوا هەرچەند دەستم کێشا بە ئوتومبیلەکە نەوەستا منیش لەگەڵ کچەکە لە ناو سندوقەکە باوەشمان بەیەکتریدا کردبوو، خۆمان لەگەڵ یەکتری چەسپ کردبوو.

هەر چەندە ناو سەندوقەکە زۆر گەرم بوو، هەموو گیانی هەردووکمان ببوو بە ئارەق، بەڵام لەزەتێکی زۆرمان بەیەك بەخشی، من دەمم خستبووە ناو دەمی کچەو لەشمان ئاوێتەی یەکتربببوو..

ئاگام لێبوو لە پڕ گرمەیەك هات، خۆمان بێدەنگ کرد لەنێو سەندوقەکە، سەرم ئازارێکی زۆری پێگەیشت، بەڵام ددانمان بەخۆماندا گرت، قسەمان نەکرد، ئەو کوڕەی هاوڕێم بە ئۆتۆمبیلەکە بە شەقامەکانی نزیك شار دەسوڕایەوە، هەرچەند نەچووبووە شوێنی قەرەباڵغ، لە قەراغ شار ئۆتۆمبیلێکی تاکسی خۆی بە ئۆتۆمبیلەکەماندا کێشا، هاوڕێیەکەم کە ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی ئەزێتی زۆری پێگەیشتبوو، بەدەم ئازارەوە دەیوت (سندوق... سندوق) ئەوانەی لەوێ بوون کە گوێیان لە سندوق بوو، هاتن سندوقیان کردەوە، منو کچەکەیان بەڕوتی لە نێو سەندوقەکە بینی، کەسیان قسەیان نەکرد من تاقەتم نەبوو هەڵسمەوە، جلەکانیان



لەژێرمەوە دەرهێناو هاویشتیانە باوەشمان، ئێمەش بەپەلە لەبەرمان کردەوە، لەشەرمان من هیچ ئازارێکم لە لەش نەما، هەر بەپەلە لەوێ تەکسیکم بۆ کچەکە گرت، ڕۆیشت ئەو تەکسیەشی کە تامپۆنی لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکەمان کردووبوو، داوام لێکرد بڕوا، بەڵام هەر دەیوت ئێوە موخالف بوون دەبێت ئۆتۆمبیلەکەم بۆ چاکبکەنەوە، بۆ ئەوەی هیچی تر خەڵك لێمان کۆنەبێتەوە بەڵێنم پێدا کە ئۆتۆمبیلەکەی بۆ چاك بکەمەوە.

تەکسیەکم بۆ کچەکە گرتو ڕەوانەی ناوشارم کردەوە خۆشم هەستم بە ئازار دەکرد.

دوای یەك کاتژمێر بەسەر ڕووداوەکە، هەستم ئەکرد لەشم تەواو نییە بروسکە لەسەر بروسکە لەشم دادەگرێ ناچار بەهۆی هاوڕێیەکەم، هاتم بۆ ئێرەو لێرەش ماوەی دوو ڕۆژە لەژێر چارەسەردام...

دوای ئەوەی بە وردی گوێم لێگرت، زۆر هەوڵم دا ناونیشانی کچەکەم بداتێ بەڵام دەستم نەکەوتو ڕازی نەبوو.

دوای چوار ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکە ژمارەی مۆبایلی کچەکەم وەرگرتو پەیوەندیم پێوەکردو پرسیاری ئەو ڕووداوەمان لێکرد بەڵام ئەو نکۆڵی لێکرد..

وتی ناهەقمان نییە ئەگەر واش بکەین، لەم شارە شوێنێك نییە بۆ پشووی لاوان کە بەبێ ترس کاتی تیا بەسەربەرن.

# 3
# چاوەڕوانی

3

## چاوەڕوانی

بەر لەوەی بگەمە بەردەرگایان لە پەنجەرەی ناوەڕاستی قاتی دووەمی ماڵەکەیان لایەکی پەنجەرەکەی کردەوە چاوم لێبوو شنەبایەکی فێنکی تازە بەهار.. نەرم نەرم ئەیدا لە قژە کارییەکەی، هەر کە چاوی بەمن کەوت بەپەلە هاتەخوارەوە، لەبەردەرگای ماڵەویان بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە چاوەڕێی گەیشتنی منی دەکرد، کە گەیشتمە نزیکی هەستم دەکرد باڵەکانی ئارەزووی باوەشمی دەکردو لێوەکانی هەڵپەزەی ماچی لێوەکانمی دەکرد، هەموو ئەو حەزانەی لەگەڵ گەیشتنم.بەدیواری شەرم، شورایەکی پتەوی دروستکرد،

بەشەرمەوە پێی وتم بۆ دواکەوتی...

ببورە ئوتۆمبێلەکەم درەنگ گەیشت،

بە زەردەخەنەیەکەوە دەبوایە ئەمڕۆ لەڕۆژان زوتر بهاتایە، نەتدەزانی من چاوەڕێت بووم..

وایە واش بڕیار بوو..

بە هەرحاڵ با بچینە ژورەوە،



ویستم لەپێشەوە ئەو بچێتە ژورەوە. من شارەزای ژورەکانی ماڵەکەیان نەبووم، دەستی راکێشامو بەپێش خۆیدام لەدەروازەی چوونە ژورەوەمان دا، دایکە ڕووخۆشەکەی.

بە فەرموو.. فەرموو داوای لێکردم بچمە ژورەوە. لەژووری میوان لە بەرامبەرم دانیشت، کەوتینە گفتوگۆو باسی لابەلا خەریك بوو بابەتە سەرەکییەکەمان لەبیردەچوو، دایکی چاوێکی تێبڕیمو سەیرێکی سەیرانی کردو وتی بەیارمەتی ئێوە من دەچم بۆ ماڵی ئایشێی خوشکم.

کچەکانی تر تۆزێکی کە دێنەوە بەرلەوەی بێنەو دەبێت بگەڕێمەوە، چونکە دەزانم برسیانە، سەیرانیش ناتوانێت هیچیان بۆ ئامادە بکات، دوای ئەوەی دایکی ڕۆیشتو بەجێیهێشتین.

بەچاو تێبڕینێکی قوڵەوە سەیری نێوچاوانی یەکتریمان دەکرد، زۆر هەستم بە پاکی ئەو دەکرد. دوای وتی: لە کوێوە دەستپێبکەین..

ئارەزووی تۆیە.. گوێم بۆ تۆ شلکردووە، چی لەسەر منە با بیکەم بەڵام ڕەچاوی باری دارایی من بکە، چونکە وەك پێشتر باسم کرد توانای ماددیم سنورداره، رەنگە لە ئایندەش ئەم سنوردارەش نەمێنێت، بتوانم ئەوەی دەتەوێت بیکەم. بەبزەیەکی لێوانیەوە: نا..نا. ئێستا هەموو شتیکم دەوێت، بەپێکەنینەوە ئەمانە هەمووی شتی لاوەکین. ئەوەی لای من گرنگە لەیەکتر گەیشتنو گونجانە، وا بزانم لەم ڕوەشەوە گرفتمان نییە.

کەواتە هەموو شتێك بە دڵی خۆمان دەبێت. وایە...

منیش ئەمانەم بەلاوە گرنگە. ئێستا من کەی ئامۆژنم بنێرم..

ئامۆژن بۆ ئەی دایکت..

ببورە دایکم لە شارێکی ترە، ناشمەوێت بەم کارە بزانێ تا هەموو شتێك تەواودەبێت،

بۆ..

دەتوانین دوای قسەی لێبکەین..

کەواتە کێشەتان هەیە..

نا..نا. ئەو بۆ خۆی دەژیو دەمەوێت بۆ خۆم بژیم.

دیاربوو لەو قسانەی منەوە کەوتە گومانەوە، تۆزێ داماو

ها چیتە دڵنیا نیت لە قسەکانم

بە تەتەڵەوە

.. نا.. نا نامەوێی بێمە ناو ژیانی تایبەتیتانەوە، بەڵام ئەتوانم زیاتر زانیاری لە سەر خێزانەکەتان بزانم

بەڵێ بۆ .. نا.. من تەمەنم دوانزە ساڵان بوو باوکم بێسەروشوێن بووە، تا ئێستا سوراخی نازانم، دایکیشم چاوەڕێی هەواڵی باوکمی نەکردو شووی بەپیاوێك کردووە... تا ئێستاش نایناسمو نازانم کێیە. مامیشم منی بەمنداڵی بردۆتە لای خۆی، بەخێوی کردووم تا خوێندنم تەواوکردو گەورەبووم. دوای مامم پێی وتم ئەتوانی لە مەولا بەتەنیا بژیو چارەیەك لە خۆت بکەیت، چونکە من کچی عازەبم هەیەو خانوەکەشمان بچووکە، چیتر ناتوانم شوێنت بۆ دابینبکەم، شوکر ئێستاش گەورەبویت دەتوانی لە شوقەیەك بژی. من هاوکاریت دەکەم تا خۆت دەگریتو دەبیتە خاوەنی ماڵ.



هەرچەندە بەو بڕیارەی مامم زۆر نیگەران بووم بەڵام ناهەقی ئەویش ناگرم، چونکە حاڵەتەکە وایە، هەرچەندە پێشنیاری ئەوەشی خستۆتە بەردەمم کە یەکێك لە کچەکانی بکەمە هاوسەری خۆم بەڵام، چونکە لە منداڵیەوە لە گەڵیان ژیاوم...

هەموویان وەکو خوشکم وان. مامیشم وا دەزانێت من بە کچەکانی ئەو ڕازی نابم. نیگەران بووە لێم، هەرچەندە من ئێستا ماوەی دوو ساڵە لە گەڵیان ناژیم لە شوقە ژیان بەسەردەبەم.

بەڵام ماڵێ مامم هەر بە ماڵی یەکەمی خۆمی دەزانم. لەهەفتەیەکدا زیاتر لە سێ جار سەردانیان دەکەم نازانم قەناعەتت هات..

حەزم کرد ئەم زانیارانەم زانی، چونکە دەبێت بە دایکم بڵێم بۆئەوەی ئاگاداری هەموو شتێك بێت، بەرلەوەی کارەکەمان ئەنجام بدەین، بەڵام دڵنیابە ئەمە تەنها نێوانی منو تۆو دایکمە تەنانەت باوکیشم نابێت بزانێت.

زیاتر بەو قسانەت هۆگرت بوومو زیاتر لای من خۆشەویستربوویت، چونکە زۆر دەردەسەریت لەژیانتا بینیوە بەڵام دەبێت لە ئایندەدا ژیانێکی جوانو پڕ لەشادیو کامەرانی بەرینەسەر.

دڵنیابە تەنها ماڵێکی سادەم دەوێتو هیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نییە، تەنها دەمەوێت بە ئاسودەیی بژین. بەم قسەییەی زۆر دڵشادی کردمو زیاتر هانی دام بۆئەوەی پەلە لە کارەکەمدا بکەم.

ئەو ڕۆژە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا ئامۆژنم بنێرمە ماڵەوەیانو داوای بکەم.

ئیتر کاتمان کردە یەکی دوای نیوەڕۆ.

ئەو رۆژە کات زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت دوو کاتژمێر بەیەکەوەبوین وام دەزانی تەنها دوو دەقیقەیە بەیەکەوین، ئای.. کە ئاسوودەبووم، سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کردو داوام کرد کە دەمەوێت بڕۆمو کاتمان درەنگ کرد، زۆر هەوڵی دا کە نیوەڕۆیەکەی لەلای ئەوان بمێنمەوە، زۆرم حەز دەکرد، بەڵام ترسم لە چاوانی بەدیدەکرد.

بەرەو دەرەوە هەنگاوم نا..

تا دوا دەرگای ماڵەکەیان یاوەری کردم دوای بەچاوێکی پڕ لە فرمێسك وتی چاوەڕوانم بەڵام بەرلەوەی بگەن بە تەلەفۆن ئاگادارم بکەرەوە تا خۆمان ئامادەبکەین...

بەدڵنیاییەوە ئاگادارتان دەکەمەوە دوا نیگای جیابوونەوەم بەدڵێکی پڕ لە سۆزەوە تێبڕی، بەرەو شەقامی سەرەکی ملی رێگام گرتەبەر، بۆ ئەوەی بگەمە گۆڕەپانی پاسەکان تا بەرەو ماڵی مامم بڕۆمەوەو نیوەڕۆیەکەی لەماڵی ئەوان بمو باسەکەشم لەگەڵ مامم‌و ئامۆژنم باسبکەم بۆ ئەوەی بەرنامەیەك دابنێن‌و ڕۆژێك دیاری بکەین بۆ ئەوەی. سەردانیان بکەین.

ئیتر کۆتایی بەژیانی تەنیایی بهێنم‌و ببین بەخێزانیکی بەختەوەر، لەگەڵ نزیکبوونەوەم لە وێستگەی پاسەکان بوو بە نیوەڕۆیەکی درەنگ، سەیری پاسەکەم کرد کەسی تیا نەبوو ویستم لەدەرەوەی پاس چاوەڕێبکەم، چونکە ناو پاسەکە گەرم بوو، بەڵام دەرەوە زۆر گەرم تربوو، نەمزانی دەروونم گەرمە یان سروشتی ئەو رۆژە وابوو.



پاش چاوەڕێکردنێکی کەم. خانمێك بەجلێکی سەرنجڕاکێشی رەشەوە لەپاسەکە سەرکەوت، بۆئەوەی شوفێری پاسەکە بزانێت دوو نەفەری تێدایە منیش سەرکەوتم،

لە نزێك ئەو شۆخە جوانە دانیشتم، سەیرێکی کردم‌و سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کردو وتی: تۆبڵێی وا زوو بڕوات، زۆر گەرمە...

وتم لەوەناچێت، چونکە جاری وا هەیە یەك نەفەری دەمێنێت ناڕوا، چۆن بە دوو نەفەر دەڕوات؟ سەیرێکی کردم..

ئەی چی بکەین وا باشە بە تەکسی بڕۆم...

پەلەمەکە بەڵکو نەفەری تر بێت بڕوات، ئەم زانی نەفەرەکان ناهێن، چونکە کاتی نیوەڕۆیە، سروشتی ئەوێش وابوو لەنیوەرۆیان بەتایبەتی لەدوای کاتژمێر دووەوە تەنها شوفێری پاسەکان‌و کاسبکاران لەوێ دەمانەوە. ماوەیەکی تر چاوەڕوان بووین..

شۆخەکە هەڵسا لە پاسەکە دابەزی بەرەو شەقامی بەرامبەر وێستگەکە دابەزی. بەرەو شەقامی بەرامبەر رۆیشت من هەر لە خەیاڵی دەزگیرانەکەم دابووم..

چۆن بتوانم لە ماوەیەکی کەمدا هەموو شتێك ببڕمەوە، لە پرێکدا جابی پاسەکە هاتە سەرەوە..

مامۆستا ناڕۆین، لە گەڵ بیستنی قسەکانی تەخت‌وتارای خەیاڵم ڕوخاو منیش وەکو شۆخەکە دابەزیم‌و بەو گەرمایە ملی رێگام گرتەبەر بۆ شەقامی سەرەکی بۆ ئەوەی بەتەکسی بگەمە شوێنی

مەبەست. لەگەڵ گەیشتنم بۆ ماڵی مامم بەدڵخۆشیەکی بێهاوتا لە دەرگای دەرەوە بە گۆرانی بەرەو ڕووی رۆیشتم.

ئامۆژنم وتی خێربێت ئەمڕۆ شتێك بووە..

نا... نا هیچ نەبووە لەمڕۆوە ژیان خۆی نوێدەکاتەوە..

یا خوا وابێت، جاریێ بڕۆ نانەکەت بخۆ..

بەڵێ دوایی یەك کاری گرنگم پێتە ئامۆژن گیان..

باشە ئەزانم بەبرسێتیەوە ناتوانی بەدرێژی باسی بکەی نانەکەت بخۆ.

دوایی چی دەڵێی بەسەر چاو...

خۆشم نەمزانی چۆن نانم خوارد بەپەلە چوومەوە لای ئامۆژنمو هەموو شتێکم بۆ باس کرد،

ئەویش هەرچەند دەیویست کچەکەی ئەو بکەمە هاوسەرم لە دڵی گرانبوو بەڵام نەیویست دڵم بشکێنێت،

وتی بەسەرچاو لە هەفتەی داهاتوو لە گەڵمان وەرە ماڵەکەم نیشان بدە، وەی بەسەرچاو. بۆ بەیانی پێشنیوەڕۆ تەلەفۆنم بۆ کرد.

خوشکە بچوکەکەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

نەمزانی ناوی چیە بەترسەوە پێم وت سەیران خانم دەوێت ئەگەر بەئەزێتی نازانی بۆم بانگ بکە..

بەسەرچاو..پاش چاوەڕوانییەکی دوو دەقیقەیی گوێم لەدەنگەناسکەی سەیران بوو..پاش هەواڵپرسین، وتم سەیران گیان رۆژی پێنجشەممە ئامۆژنم دێتە ماڵتان بەدایکت بڵێ.



بەخۆشیەکی زۆرەوە...

توخوا یا خوا بەخێربێت. بەسەرچاوان. دوای ئەوەی پێم وت ویستم کەسیان لەماڵەکەیان نەزانێت، زوو کوتایمان بەقسەکانمان هێنا. بۆ رۆژی پێنجشەممە بەتەکسیەك ئامۆژنو خاڵۆژنم بردە بەر دەرگای ماڵیان.

بەرلەوەی بمانبینن خێرا بەتەکسیەکە رۆیشتم بۆ بازاڕ، لەوێ تەلەفۆنیکم بۆ سەیران کرد.

باسی ئەوێم لێ پرسی زۆر دڵیی خۆشکردم.

بەئاسودەیی گەڕامەوە ماڵەوەمان.

کە منی بینی یەکسەر خەندەیێك گرتی وتی وەرە یاڕەبی پیرۆزت بێت، رۆڵە ماڵێکی زۆر باشن، کچەکەش شایەنی خۆتە،

رازیبون وتیان کەی دێنەوە دەتانخەینە سەرچاوان.

لەو رۆژەوە کەوتمە خۆئامادەکردن بۆئەوەی رۆژێك دیاری بکەم بۆ ئەوەی ناوی خوای لێبهێنین...

دوای یەك هەفتە رۆژێکم دیاریکردو تەلەفۆنم بۆ سەیران کردەوە، پێم وت رۆژی هەینی دێین بۆ ماڵەوەتان...

خوتان ئامادەبکەن. بەڵێ باشە چاوەڕوانتان دەکەین. لەماوەی چوار رۆژ هەموو شتەکانم تەواوکرد.. ئێوارەکەی رۆژی هەینی هەموو ئەو کەسانەی ئاگادارم کردبوونەوە ئامادەبوون.

بەنیاز بووین بڕۆین بۆ ماڵی سەیران.لەژورەوە منداڵ کارێکی خزممان نامەیەکی بۆ هێنام وتی ئۆتۆمبێلێك هێنای وتی بیدەنە دەست خۆی..

که کردمەوە نامەیەکی تێدابوو لەگەڵ چەند وێنەیەك کە سەیری وێنەکانم کرد..ئەقڵم تێکچوو وێنەی سەیران بوون لە ناو ئوتومبێلێك لەگەڵ کورێك دەمیان لەناو دەمی یەکترنابوو لەباوەشی یەکتردابوون.

وێنەکانی ترم سەیرکرد لەناو دارستانێك لەگەڵ هەمان کەس دانیشتبوو دەستیان خستبووە سەرشانی یەکتری‌و چەند وێنەیەکی تری تەنیای سەیران بوو.

دوای بە پەلە کەوتمە خوێندنەوەی نامەکە.. بەم شێوەیە نوسرابوو

" کاك (.....) سڵاو وەك زانیومانە بەنیازی سەیران بخوازیت. ئەم کچە بەدڕەوشتە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لەگەڵ چەندین کەس پەیوەندی هەبووە، زۆربەی پەیوەندییەکانیشی سێکسی بوون، من ماوەی ساڵێك پەیوەندیم لە گەڵی هەبووە، هەموو شتێکم لەگەڵ کردووە، تالێکی قژی نەماوە دەستی منی بەر نەکەوتبێت.

چەندین جار بردومەتە دەرەوەی شار، دووسەعات تا سێ سەعات لە گەڵیدا ڕامبواردوە، بەبیانووی فێرکردنی سەیارە.

چەندین جار لە دەوروبەری شار لەپشتەوە مومارەسەی سێکسیم لە گەڵ کردووە.

بۆیە من وەك کەسێکی ناسیاو پێت دەڵێم واز لەو کچە بێنە.چونکە تازە فێری رابواردن بووە، ناتوانێت وازی لێبێنێت. چەندین بەڵگەی تریشم لایە ئەگەر ویستت نیشانت ئەدەم".

لە خوێندنەوەی نامەکە بومەوە چاوم تاریك بوو هیچم نەدی.

مامیشم هات وتی خێراکە ئەو خەڵکەم وەستاندوە با بڕۆین.. منی بینی پەشۆکاوبووم



پێوتم چییە بۆ پەشۆکاوی ...هیچ نییە.

مامە با ئەمڕۆ کارەکەمان دواخەین..

چۆن دەبێت ئێستا ئەو ماڵە چاوەڕێمان دەکات..

ئاخر مامە..مەوزوعێك هەیە دوای پێت دەڵێم.

ڕۆڵە تۆ یاری بەم خەڵکە دەکەیت، مەوزوعی چی بۆ چەند ڕۆژە باست نەکردووە ئێستا باسی دەکەیت..

مامە وازبێنە من ژن ناهێنم..

ناچین من ئێستا تەلەتەلەفۆنیان بۆ دەکەم پێیان دەڵێم نایەین..

مامم زۆر تووڕە بوو. ناچار بووم نامەکەم دایە دەستی..

خوێندیەوە وتی تۆ ئەو کچەت خۆشدەوێت؟

پێش نامەکە بە قەد هەموو دونیا بەڵام ئێستا نا..

ئەگەر خۆشت دەوێت گوێمەدەرە ئەم قسانە ئەگەر نا ...

ڕۆڵە تۆ چی دەڵێی وا دەکەین ژن بۆ تۆ دەهێنین ناچین..

دوای ئەوەی مامم لە ژوورەکەم چووە دەرەوە ویستم بڵێم.نا..نا مامە دەچین، بەڵام دیسان وێنەکانی کەوتنەوە بەرچاوم..

پاش ماوەیەك مامم هاتەوە وتی دەبڕۆ تەلەفۆن بۆ ئەوە ماڵە بکە پێیان بڵێ نایەین با چیتر چاوەڕوانیمان نەکەن.

بەڵام پێیان بڵێ لە بەر ئەوە بووە..

ناچار چوومە ماڵی دراوسێکەمان. زەنگی تەلەفۆنی ماڵی سەیرانم لێدا..

دایکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت داوای سەیرانم کرد..

پێم وت تۆ ئەو (....) کوڕە دەناسی سەیران وتی نا..

ئەمە کێیـە.. وتم بەماڵـەوەتان بڵـی نـاهێن هەنـدێ وێنـەی تـۆش لای
منە بۆت دەنێرمەوە..
سەیران وتی وێنەی چیو کەوتە گریان..تەلەفۆنەکەم داخستەوە.
بەبێ ماڵئاوایی...
پاش مانگێك دوای ئەوەی لە بارێکی ئاڵۆزی دەرونی خراپدا دەژیام،
بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو وێنانـە لـەرێگای بەرنامـەی کۆمپیوتـەرەوە
والێکراونو ئەو کوڕەی ئەو نامەی هێنابوو..
خزمێکی ماڵی سەیران بوو دووجار چووبووە داوای سەیران شووی
پێنەکردبوو..
ئێستا زۆر پەشیمانم نازانم چی بکەم جارێکی تر لەڕوم نایەت.
ماڵی سەیران بدوێنم... نازانم تا کەی چاوەڕوان بم..

# 4
# پەشیمانی

## 4

## پەشیمانی

بەسادەیی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەوروبەرەکەم دەکرد، هەموو ئەو مرۆڤانەم خۆشدەویست کە لەدەوروبەرم بوون،

بە ئومیدبووم بۆ دواڕۆژ ژیانێکی ئاسودە بونیاد بنێم، دووربێت لە قسەو بەڵێنی بێبنەما، لەرێگەی هاوڕێکانمەوە ئەو کوڕەم ناسی، زۆر هەوڵی دا لێم نزیك بێتەوەو بمناسێت،

ئێوارەیەك دەمویست بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە، بە ئۆتۆمبیلە مارۆنیەکە لە بەردەمم وەستا وتی سەرکەوە با بتگەیەنم،

نا.... نا سوپاست دەکەم هەر خۆم حەزدەکەم بە پیادەبڕۆم.

ئاخر کارم پێتە لەرێگا پێت دەڵێم، بۆ کاتێکی تر ئەمڕۆ کارم هەیە، هاوڕێ رۆژنامەنوسەکەم چاوەڕێم دەکات،

دە تۆ سەرکەوە با چیتر خەڵك نەمانبینێت ئەم گفتوگۆیە لە رێگا تەواو دەکەین، کە ئەو قسەیەی کرد سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد تەنها پێنج خولەکی مابوو بۆ ئەو ژوانەی لەگەڵ هاوڕێکەم هەمبوو، ناچار سەرکەوتم لەرێگا بەنێو کۆڵانەکان رەتبوو بەرەو جادەی شەست مەتری رێگای گرتەبەر، سەیرێکیم کرد..

بۆ کوێ دەچیت بەکۆڵانی بەرامبەرمان زوتر دەگەین؟



نا.. نا بەشەستیەکە زوتر دەگەین‌و رێگاکە چۆڵە، لەماوەیەکی کەمدا گەیشتە سەر جادەی شەستی‌و ئۆتۆمبیلەکەی هیواش کردەوەو دەستی کرد بە قسەکردن لە سەرەتای قسەکانی وتی کەسانێك باسی تۆیان بۆ من کردوە، زۆر حەزم دەکرد کە ئاشنای یەکتربین، پرۆژەی ئاینده بەیەکەوە دادەنێین... مەبەستم تێدەگەیت، منیش ئەوەندە سادەبووم بە قسەکانی باوەڕم کردو رەزامەندی خۆمم بۆ دەربڕی،

بەڵام ئەمڕۆ کاری زۆرم هەیە دەبێت بگەمە شوێنی مەبەست، چونکە چاوەڕێم دەکەن، قسەکەم تەواو نەکرد پێی وتم بەیانی کاتژمێر چەند ئەتوانم بتبینم، هەر کاتێك ویستت ئەمە ژمارەی (......) مۆبایلەکەمە ئەتوانی پەیوەندیم پێوە بکەیت ئەگەر ماوەم هەبوو وەڵامت دەدەمەوە ئەگەر نا کاتێکی تر،

یان خۆم ژەنگێکت بۆ لێدەدەم تۆ تەلەفۆنم بۆ بکە، زۆر باشە ئیتر لەو رۆژەوە ناوە ناوە تەلەفۆنی بۆ دەکردم،

باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دەکردم، ئەو کاتانەی کە یەکتریمان دەبینی زۆرترین کات لە دوای کاتژمێر دووبوو، چونکە من بەبیانووی دەوام لە ماڵەوە دەهاتمە دەرەوە بەڵام زۆر کەم دەچووم بو دەوام زۆر لەرۆژان خۆم لە هاوڕێکانم دەشاردەوە، تەنانەت مۆبایلەکەشم دادەخست، بۆ ئەوەی کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبم، زۆر جاریش لە یادم دەچوو مۆبایلەکە دابخەم بە پەلە وەڵامم دەدانەوە پێم دەوتن ئێستا کارم هەیە خۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە،

**بە هۆی ئەم وەڵامدانەوەم هاوڕێکانم لێم توڕە دەبوون تا ئاشتم دەکردنەوە زۆر زۆر داوای لێبووردنم دەکرد بەڵام هەمان حاڵەت دووبارە دەبووە، ئەو ڕۆژانەی دەردەچووم بۆ شەستیو لەوێش بۆ دەرەوەی شار هەر جارەی بۆ شوێنێك دەچووین،**

**ڕۆژانە بەر لەوەی دەرچوونایە هەمیشە دڵخوازی خۆیی بۆ دووبارە دەکردمەوەو دەستی دەخستە ناو دەستم یان سەرڕانم کە دەگەیشتنە شوێنی مەبەست لە پاڵ بەردیك یان لە ناو گژوگیایەك دەستبازیو ماچ ماچێنەمان دەکرد، تابیزار دەبووین هەرچەندە من زۆر بێزاردەبووم، هەمیشە دوودڵبووم نەوەك یەکێك بمانبینێت، بەڵام ئەو وازی نەدەهێنا لە دواوەش کاری سێکسی لە گەڵ دەکردم، کە تەواویش دەبوو داوای لێبوردنی لێدەکردم ئەی وت ئازارم دای ئیتر ئەمە ئاخر جارمە ئەو کارە بکەم ئیتر دووبارە نابێتەوە، بەرەو ئێواران دەگەڕاینەوە شارو لە نزیك ماڵەوەمان دادەبەزیم کە دەگەیشتمەوە ماڵەوە کە لێیان دەپرسیم بۆ دواکەوتی ئەم وت ئەمڕۆ کۆبوونەوەمان هەبوو لە بەرئەوە دواکەوتم،**

**شەوانیش بۆ ئاشتکردنەوەی هاوڕێکانم تەلەفۆنم بۆ دەکردن پێم دەوتن ئەوە بۆ تەلەفۆنتان نەکردووە، قەرزدارم دەکردنەوە، بەڵام ئەم درۆیانەم بۆ نەچووە سەرو هەموو جارێ ناڕاستەوخۆ پێیان دەوتم کە من چیدەکەم، بەڵام هەموو جارێ حاشام لێدەکردو هەموو جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستیم ڕەتدەکردەوە، ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە ژیانم بردە سەر.**



**ڕۆژیکیان کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ لەماڵەوە هاتمە دەرەوە هاوڕێیەکەم تەلەفۆنی کردو وتی لە کوێی، شوێنی خۆمم پێوت، وتی ئێستا ئەگەمە لات، زۆری پێنەچوو لە بەردەمم وەستا، لەگەڵی سەرکەوتم، وەکو جاران بەرەو جادەی شەست مەتری کەوتە ڕێگاو لەوێش بەرەو ناو باخەکان کەوتە ڕێگا، وتی ماوەی سەعاتێك لێرە دەمێنینەوەو قسە دەکەین، دوایی دەڕۆینەوە،**

**لەنزیك باخێك دابەزینو بەخاوەن باخەکەی وت دەتوانین بێینە ناو باخەکە ماوەیەك بمێنینەوە، خاوەنەکەشی وتی باخی خۆتانە، کە ڕۆیشتن دەرگاکە لەگەڵ خۆتان دابخەن،**

**کە چووینە ژوورەوە لەنێو باخەکە باوەشی پیاکردم بەرەو قوڵایی باخەکە کەوتینە ڕێی، ئەو شوێنەی هەڵبژارد کە هیچ کەسی لێ دیار نییە، لە ناو گیایەکی سەوزی ئەم بەهارە لە ژێر دارێك دانیشتین.**

**بەچاوتێبڕینێکی ساختەوە بەتەواوی لەشم گوزەری کرد لەسەرەوە تا خوارەوە، دواتر دەستی خستە نێو دەستمو لە قەدم ئاڵاند، بەبێ ئەوەی وشەیەکی سۆزی لە دەم بێتە دەرەوەو باس لە ئایندەی هەردووکمان بکات، دواتر دەستی خستە نێو ڕانەکانم. هێدی هێدی پەنجەکانی لە ژێر تەنورەکەم گیردەکرد،**

**بە پشتا پاڵی خستم، ناوە ناوە ماچی دەکردم.. مەست..**

**مەست بووم تا دوو تا سێ جار ئەو لەزەتەم هەستپێکرد، دوای ئەوەی بەرامبەرم خۆی ئاسودەبوو بەبێ ئەوەی گوێ لە خواستی من بگرێتو قسە بۆ ئایندەبکەین بە ڕوویەکی توڕەوە پێوتم با بڕۆین من کارم هەیە دەبێت بۆ کاتژمێر (6) بگەمەوە شار،**

بەم هەڵسوکەوتەی زۆر نیگەرانی کردم لەنێو ئۆتۆمبیلەکەشی بە بێدەنگی کە گەیشتینەوە ناو شار، وتی دەتەوێت لەکوێ دادەبەزیت، با خێرا بتگەیەنم، بۆم دەرکەوت کە هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەرم نییە تەنها بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردنە،

بڕیارم دا کە چیتر بە قسە زلەکانی هەڵنەخەڵەتێم، ئیتر نەچمەوە لای، چەند ڕۆژێ دوای ئەوە تەلەفونی بۆ کردم بە سەرمدا دەخستەوە،

دوای نیو سەعات جارێکی تر تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، جارێکی تر دامدەخستەوە و بێزاری کردم، ناچار وەڵامم دایەوە کەوتە قسەکردن و بەقسەی لوس قەناعەتی پێکردم ڕۆژی دواتر کاتژمێر (3)ی ئێوارە لە سەر شۆستەی دیاریکراو وەستابوو،

ئەم جارەش وەك هەموو جارێ لە گەڵی سەرکەوتم بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆیشت تا لە شار چووینە دەرەوەوە لە دووری بیست کیلۆمەترێك لەنێوان دوو شاخ نزیك سەرچاوەیەکی ئاو وەکو جاران دەستیکرد بەوروژاندنی هەستی سێکیسم،

ئەو ڕۆژە زۆر بەبێبەزەییانە جیا لەڕۆژانی تر تەنورەکەی هەڵدامەوە لە دواوە باوەشی پیاکردم،

هەوڵم دا خۆم لەدەستی دەربازبکەم بەڵام ئەو لە من زۆر بەهێزتر، هەردوو دەستی لەنێوگەڵم گیرکرد لەدواوە کار لە کارترازاو لە هۆش خۆم چووم،

کە هەستم دامرکایەوە سەیری خۆم کرد خوێن بەلەشم دێتەخوارەوە، دەستم کرد بەگریان،



بە چاوێکی سووکەوە پێی وتم: بۆچی دەگری من وام لێنەکردووی، پێشتر وات لێهاتبوو، من ئەوەندە ئەزیەتم نەداوی، لەو ڕۆژەوە ئیتر چارەم نەما کوڕەش وەکو جاران نەهات بەلامەوە، هەرچەند هەواڵی دەپرسم نازانم لەکوێیە هەندێك دەڵێن بەرەو هەندەران ڕۆیشتووە..

ئێستا هاوڕێکانی ئەو کوڕە بێزاریان کردووم، ئەوەندە تەلەفۆنم بۆ دەکەن، جاری وا هەیە ناوێرم تەلەفۆنەکەم بکەمەوە، چونکە لەماڵەوەش نازانن من ئەو کارەمکردووە،

ماڵەوە زۆر بڕوایان پێم هەیە، ئێستا ژیانم لێ تاڵ بووە، ناوێرم لە ماڵەوە بێمەدەرەوە، زۆرجار بەسەیارە دوام دەکەون،

ئەوانەی دەمناسن هەندێکیان خۆیان لێم بەدووردەگرن بەتایبەتی کچەکانی هاوڕێم.

ئێستا دەمەوێت بڕۆم ئەم شارە بەجێبهێڵم، بڕۆم بۆ شوێنێك کەس نەمناسێت، ئێستا من زۆر پەشیمانم کە لەگەڵ ئەو کوڕە دەچوومە دەرەوەی شار، بێگومان چەندین تر وەکو من هەن کوڕان بۆ رابواردن دەیانبەنە دەرەوە،

داوا دەکەم لە ئاسایش کە بەدوای ئەمانە بگەڕێت، چونکە بە خۆشمەوە ئەمانە کۆمەڵگە بەرەو نەهامەتی دەبەن فەسادی سێکسی بڵاودەکەنەوە، چونکە من چەندین کچی تر دەناسم بە قسەی ئەو کوڕانە هەڵخەڵەتاون بەقسەی لوس، داوایان لێدەکەم واز لەو کارانە بهێنن کە تەنها بۆ خامۆشکردنی ژیانی کچان ئەم کارە دەکەن و خۆشیان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

# 5
# ئای... بۆ باوەشێ!

## 5

## ئای... بۆ باوەشێ!

بەر لەسەرکەوتنی بۆ ناو پاسەکە بەنیگایەکی قوڵەوە لەو کچە باڵابەرزەی دەڕوانی،

چاوەکانی لە سەر هەڵنەگرت لەپاژنەی پێیەکانیەوە تا تەوقی سەری تەماشای دەکرد، دەرونی پڕبوو لەحەزو ئارەزوو، چاوم لێ بوولەنێوپاسەکەش چاوی لەباڵای نەدەبڕی،

دیاربوو رێگای ئەو کچە شۆخە کە لەگەڵ ئەو یەك نەبوو، بەڵام شۆخەکە سەرنجی راکێشابوو،

سواری پاسەکەبوو هەر کە قاچی خستە نێو پاسەکە چاوی بۆ جێگایەکی چۆڵ گێڕا تا لە نزیك شۆخەکە دانیشێو لە نێوان خۆیو شۆخەکە کوڕێکی گەنج دانیشتبوو ناوە ناو نیگایەکی لێوەردەگێڕا، بەتیلەی چاوەکانی بەدزییەوە سەیری دەکرد،

لە وێستگەی دووەم کوڕە گەنجەکەی نێوان شۆخەکەو خۆی دابەزی،

ئەویش رێگای بۆ خۆش بوو لێی نزیك کەوتەوە،

دەیویست قسەی لەگەڵ بکات،



بەڵام شۆخەکە ڕووی وەگێڕابوو هەر سەیریشی نەدەکرد، ناهەقی نەبوو، چونکە لە باوکی گەورەتربوو سەرووقژێکی ڕوتاوەی هەبوو جامانەیەکی بە چەند قەد لەسەری ئاڵاندبوو،

بەر لە گەیشتنی پاسەکە بۆ دوا وێستگە شۆخەکە دابەزی ئەو نیگایەی حاجی سەرنجی راکێشام تا کارێکی رۆژنامەنوسی لەسەر بکەم، کە دەوری چۆڵ بوو چوومە پاڵ حاجی لێم پرسی ئەو کچە زۆر جوان بوو، بە ئاوڕدانەوەیەکی توندەوە سەیری کردمو

وتی شتی جوان هەر جوانە لەبەهەشتەوە هاتووە ناهەقیشمان نییە ئەگەر سەیری شتی جوان بکەین،

چونکە ئەوەی حەزی لە جوانە، دڵو دەروونی جوانە منیش وام، هەموو جوانێکی ئەم دونیایەم خۆش دەوێ،

حەزدەکەم تا جوانێك دەمرێ سەد ناشرین بمرێ،

ئەگەر ئەو کچەی ئێستا ئەو کچەی لە تەنیشتم بوو شوم پێ بکات هەر ئەمڕۆ هەموو شتێك تەواو دەکەمو بۆ ئێوارە ئاهەنگ دەگێڕم،

هەرچەندە دەزانم ئەو بەمن ڕازی نابێ،

بەڵام هەتا دەمرم هەر دەبێ جوان پەرست بم،

دوای کەوتینە گفتوگۆیەکی خۆش بەدڵی من قسەی دەکرد بۆیە لە پاسەکە دابەزینو لە گازینۆکەی ئەوبەر بەیەکەوە چایەکمان خواردەوەو حاجی کەوتە گێڕانەوەی ژیانو بەسەرهاتی خۆی،

وتی من لە ژیانمدا چوار ژنم هێناوە، دوا ژنم دوو هەفتە بەر لە ئێستا بوو، هەرچەندە من ماڵم لە دەرەوەی شارە،

بەڵام ژنە تازەکەم خەڵکی شارەو لەگەڵم نەهات بۆ (مجمع)، بۆیە ناچار بووم خانویەکم لێرە بۆ گرتووە، قسەکانی زۆر سەرنجی راکێشام لەگەڵی رۆشتم..

ژنی یەکەمم نازانم چۆن هێناوە، چونکە من منداڵ بووم تەمەنم لە (14–16)ساڵ دەبوو کە باوکم ژنی بۆ هێناوم،

ئێستا لەو ژنە شەش منداڵم هەیە، هی دووەمم حەزم لێدەکرد ماوەی دوو ساڵ پەیوەندیمان هەبوو،

هەرچەندە براکانی ڕازی نەبوون شووم پێبکات، بەڵام ئەویش منی زۆر خۆشدەویست، بۆیە گوێمان بەکەس نەدا لەگەڵ یەکتربووین بە هاوسەر لەماوەی دە روژ ئەویشم خواستو بووین بە ژنو مێرد،

ئێستاش براکانی قسە لەگەڵ ژنەکەمو خۆشم ناکەن،

لەو ژنەش دوو مناڵم هەیە، ژنی سێهەمم هەر بە خۆشەویستی هێناوە چەندین جار لەشوێنی چۆڵ یەکتریمان بینیوە، ڕازی دڵی خۆمان بۆ یەکتر باسکردووە، هەرچەندە من پێم وت کە من دوو ژنی ترم هەیە، بەڵام ئەو لەسەر خۆشەویستیو پەیمانی خۆی بەردەوام بوو، چونکە بەر لە هێنانی ژنی یەکەم دڵمان بەیەکەوە بوو زۆر یەکتریمان خۆش دەویست، هەرچەند قەدەر رێگای نەدا زوو بەیەك بگەین، بەڵام من دڵنیابووم کە هەر بۆ من دەبێت،

چونکە خۆشەویستیەکی پاکم بەرامبەری هەبوو ئەویش وەکو من وابوو، بۆیە خۆی داوای لێکردم کە بچم بۆ داوای پێ وتم من تەنها و تەنها تۆم دەوێیو بە هەموو شتێکی تۆ ڕازیم، بەراستی من پەلەم تیا نەکرد،



تا هەموو رێگایەکانم بۆ خۆش کردو ئەنجا چووم بۆ داوای، باوکی ئەو داوایەی منی ڕەتکردەوە، دایکی وتی کچی من بچوکە چۆن بۆ تۆ دەبێ تۆ دوو ئەوەندەی تەمەنی کچەکەمت هەیە،

بەڵام کچە لە نێو دانیشتنەکەماندا هەڵسایە سەر پێو

وتی من شوی پێدەکەم، بە هەموو شتێکی رازیم، من بۆ خۆم شوو دەکەم بۆ ئێوە نا ئێوە بۆ دێنە ناو ژیانمەوە،

شەوی دواتریش ئەویشم مارە کرد ژنەکانم بوون بە سییان، هەر کە ژنی سێهەمم گواستەوە ژنی دووەمم لە دادگا مەزبەتەی لەسەر نوسیمو داوای جیابوونەوەی کرد، منیش حەزم دەکرد،

چونکە تازە ژنی سێهەمم هێنابوو، هەموو ژیانم بۆ ئەو تەرخانکردبوو، هەرچەندە جار جارە بەنابەدڵێکی زۆرەوە دەچوومە لای ژنەکانی ترم، بڕوا بکە شەوان لەگەڵ ئەوان دەخەوتم،

بەڵام خەیاڵم هەر لای ژنە تازەکەم بوو،

زۆر یەکتریمان خۆشدەویست ئێستاش ئەوەندەم خۆشدەوێت..

ئێستا لێرە بیری دەکەمو حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆماڵەوە بۆلای، ژنی چوارەمم هیچ بەنیاز نەبووم بیهێنم،

رۆژێك لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی شار ئۆتۆمبێلێك خۆی لێدامو قاچو قولم لەگەڵ سەرم ئەزیەتیان زۆر پێگەیشت ئاگام لە خۆم بڕا کاتێك بەخەبەر هاتمەوە لە نەخۆشخانە داخیل کراوم،

کە هۆشم هاتەوە بەر خۆم داوایان لێکردوم کە ئەو شوفێرەی خۆی پیاکێشاوم لە زیندان ئازادی بکەم لێی ببورم،

من داواکەم ڕەتکردنەوە،

چونکە دەمزانی زۆر لەنەخۆشخانە دەمێنمەوە ئەگەر لێی ببورم کابراش دەڕوا هەر ئاوڕم لێ ناداتەوە،

بۆیە وتم با لە زینداندا بێت، ڕۆژێ لە نەخۆشخانە نەوەم واتە کوڕی کچەکەم هاتو داوای لێکردم کە شوفێرەکە ئازاد بکەم،

بەڵام ڕازی نەبووم، زۆر لەبەرم پاڕایەوە هەر ڕازی نەبووم دوای وتی ئازادی بکە من چی دەڵێی وادەکەم، وتم پارەم دەوێی ژن دەهێنم،

کچەزایەکەم وتی تۆ ژن بدۆزەوە هەموو مەسروفێکی لەسەر من بەو قسەیە ڕازی بووم لە پۆلیس لێی خۆش بوومو ئازادم کرد،

دوای هەشت ڕۆژ لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە بەرەبەرە باری تەندروستیم بەرەو باشی دەڕۆیشت ڕۆژێك برادەرێکم وتی ژنێك هەیە هاوتەمەنی خۆتە بۆ نای هێنیو هەر بەتەنها خۆی دەژیو مێردەکەی لە شەڕ کوژراوە بەتەنها دەژی تۆش ئەتوانی پێگەیەك لێرە بکەیتەوەو خانووی خۆی هەیە باری دارایشی زۆر باشە،

چونکە دوو کوڕو کچی لە هەندەرانە هەموو مانگێك پارەی بۆ ڕەوانە دەکەنەوە هیچ پێویستی بە مسروفاتی تۆ نییە،

منیش بڕیارم دا کە مارەی بکەمو جوابم بۆ کچەزایەکەم نارد ئەوە ژنێکم دۆزیوەتەوە دەبێت بێیت مەسروفی تێچوونی کە 500 دۆلار بوو بیدات...

سەرەتا ڕەتیکردەوە، بەڵام جوابم بۆ نارد کە لە پۆلیس شکایەتی لێدەکەم، بۆیە ناچاربوو کە پارەکە بهێنێتو لەماوەی دوو مانگ ئەویشم گواستەوە، شەوان لە (مجمع)دا هاتم بۆ شار بۆ لای ژنە



تازەکەمو بەیانیانیش زوو دەگەڕامەوە بۆ لای ژنە کۆنەکانم، تەنها شەوان داهاتمەوە بۆ لای ژنە تازەکەم،

ئەویش ماوەیەکی زۆر وابوو دوای لێی بێزاربووم هەستم کرد ئەویش لە من بێزارەو بەمن تێر ناکرێت،

چونکە هەرچەند دە ساڵ لە خۆم بچووکتر بوو، بەڵام حەزی دەکرد هەردەم لە باوەشی بوومایەو بەردەوام لە حەمامم بووینایە، بە خوا ئەوەش بە من نەدەکرا، بەو تەمەنەوە ماوەی سێ مانگ هەموو ئێواریەك لە (مجمع ) دەهاتم بۆ شارو بەیانیانیش لەگەڵ خۆر کەوتن، بەجێمدەهێشتو دەگەڕامەوە لای ژنەکانی ترم...

ئێوارەیەکیان کە هاتمەوە لە ڕێگا کچە قەرەجێکم بینیو داوای پارەی لێکردم پارەی بدەمێ، منیش داوایەکەم ڕەت نەکردەوە پێنج دینارم دایێ، هەر چاوی بە پارەکانم کەوت.

وتی بۆ نایەی بچینە ماڵی خۆمان بە ئارەزووی خۆت چی دەکەیت من ئامادەم بۆت جێبەجێبکەم منیش پێم وت ئێوە قەرەجن ماڵتان لەکوێیە،

دەستی بۆ لای خێوەتێك درێژکردو وتی کەسیشمان لەماڵ نییە مەترسە، سەیرێکم کرد زۆر خڕوپڕبوو،

وتم باشە تۆ بڕۆ من دوای دێم، کە چوومەوە بۆ ژنەکەم گێڕایەوە ژنەکەم لێم توڕەبوو وتی هەر دەبێ ئەم شەو ئێرە بەجێ بهێڵێتو بڕۆی من تەڵاق بدەیت،

هەرچەند لەبەری پاڕامەوە کە گاڵتە دەکەم بەراستم نییە، سودی نەبوو هەر بەو شەوە بەدەرەوەی نام دەرگای لەسەر خۆی داخست،

منـیش لەبـەر دەرگـا لـەنێو سـالۆنەکەی ماڵمـان بـەکراسو بێجامـە تـا بەیانی شەوم کردەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ خـۆم لـەنێو ئاودەسـتو حەمام شاردەوە،

چـونکە هیـچم لەبـەر نـەبوو، بەهـەزار تکـاو ڕەجـا تـا شـەرواڵەکەی دامەوە..

ئیـدی دەری کـردم لـە دادگـا شـکایەتی لێکـردم منـیش تـەڵاقم دا، گەڕامەوە لای ژنەکانی ترم ئەوانیش وەریان نەگرتمەوەو منالـەکانیان لێ هاندام ئێستا بۆ خۆم لێرەم لە ئوتێلێك دەژیم،

لـە چـوار ژن، ئێـستا بـێ ژنم وەختـە کـوێرایم دابـێ بـۆ باوەشـی ژنێك...

# 6
# ئەژین.. تا.. ئەمرین

6

# ئەژین.. تا.. ئەمرین

ئەو بەیانییەش وەکو رۆژانی رابردوو بە پیادە بەرەو شوێنی کارم رۆیشتم بە خەیاڵێکی پڕلە خۆشیو بەئومێدی ژیانێکی ئاسوودە بۆ گشت مرۆڤەکان،

بەیانیان هەموو مرۆڤێك هەست بە ژیانێکی نوێ دەکات، هەرچەندە لەشێوەو رۆیشتنو ڕێکردن هەست بە هیچ گۆڕانکارییەك ناکرێ،

بەڵام مرۆڤ هەست بەچالاکێکی تازە ئەکات. ئەو بەیانییەی کە من بینیم زۆر جیاواز بوو لەگەڵ رۆژان، لەگەڵ دەرکەوتنم لەسەری کۆڵانەکە بینیم قەرەباڵغییەکی زۆر لە دەوری تەنەکەیەکی خۆڵ کۆبوەتەوە... دەنگی مناڵێکی تازە لە دایکبووش دەهات،

ئەو دەنگە سەرنجی راکێشام بەرەو گردبوونەوەی خەڵك لە پڕ چاوم بە مناڵێکی چاوگەش کەوت کە لەناو تەنەکەی خۆڵەکە لە عەلاگەیەکی رەش پێچرابۆوە کە بینیم تەزوویەك هەموو گیانمی تەنی..

ئەوانەی لەوێ بوون سەریان لەم کارە سوڕمابوو یەکێك لە ئامادەبوان هاواری کرد ئەم مناڵە هی کێیە دیاری خوایە بۆ فرێیان



داوە ئەوە چ بێویژدانێکە دڵی هاتووە جەرگی خۆی ئەوها بسوتێنێو فرێی بدات...

کەس وەڵامی نەدایەوە بێدەنگی هەموو لایەکمانی گرتەوە. پاش چەند خولەکێك حاجی مەحمود وتی من ئەو مناڵە بۆ خۆم دەبەمەوە من پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابین دەکەم.

پاش چەند رۆژێك حاجیم بینیەوە هەواڵی ئەو مناڵەم لێپرسی،

بەزەردەخەنەیەکی خۆشەوە وتی ئێستا لە ماڵەوەیەو ناومان ناوە (ئەژین) چونکە گەر دایكو باوکیشمان نەبێت مادام هەین ئەژین، زۆر دڵشادبووم بەو هەواڵەو داوام لێکرد،

حەز ئەکەم ئەو مناڵە ببینمەوە هاوکاری بکەم لە بژێووی ژیانی، حاجی بەڵێنی پێدام کە هەر جارێ رێگای بکەوێتە شوێنی کارەکەم لەگەڵ خۆی بیهێنێ.

پاش تێپەڕبوونی چوارمانگ بەسەر دۆزینەوەی چاوم بە ئەژین کەوت کچێکی جوانکیلەو دەم بەخەندە لە باوەشی خێزانی حاجی مەحمود کە منی بینی

وتی ئەمە ئەژینی کچمە لە ژیاندا زۆر بە ئومێد بووم خودا مناڵێکمان بداتێ ئەم کچە جوانەی پێ داین هەرچەند هی خۆشمان نییە، بەڵام خوا بۆ ئێمەی ناردووە ئێستا وا هەست دەکەم کە هەموو دنیا هی منە..

بەم وتەی حاجی زۆر ئاسودبووم هەستم کرد کە بەراستی (ئەژین) دیاری خوایەو بۆ حاجی هاتووە منیش وتم دەك پیرۆزتان بێت حاجی گیان،

**به ئومێدم هی تریشی بەدواوەبێ..**

**حاجی وتی..نا..نا توخوا چۆن ئەتوانی ئەو خۆزگەیە بخوازی با لەمە زیاتر بەسەرمان نەیەت، خوایە دوورمان بخەیتەوە لە کاری خراپو بێبەزەیی،**

**بەبزەیەکەوە وتم حاجی هی خۆتان نەك هی خەڵکی تر مەبەستم هیچ شتێکی خراپ نییە،**

**حاجی بە هەناسەیەکی قوڵەوە وتی رۆڵە ئەمە نێوچەوانی منەو نایهێنێ خوا بەناو بەپیاوی دروستکردوین...**

**ئەگەر نا ئەمە کەی ژیانە،**

**وتم نا..نا.. حاجی گیان هەر یەکێك لە ئێمە (ئەژینێکمان) دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی ژیان سەر لەنوێ دروستبکەینەوە..**

**ماوەیەکی زۆر بەهۆی ژیانی سیاسی لە حاجی دورکەوتمەوەو ئاگام لێ بڕا...**

**زۆرجار بیرم لە ئەژین ئەکردەوە ئایا ماوە... تۆ بڵێی گەورە بووبێت.. تۆ بڵێیت پێیان وتبێت کە حاجیو دایە حاجی، دایكو باوکی ئەو نین ئەمەو دەیان پرسیاری تر ماوەی (9) ساڵ لە هزری من دەزرنگایەوە، تا لە جەژنی رەمەزانی ئەم ساڵ بەسەردان گەڕامەوەو کە گەیشتمەماڵەوە پرسیاری ماڵی حاجیم کرد،**

**دایکم وتی ئێستا لە نزیك ماڵی خۆمانە..**

**ئەگەر حەز ئەکەی ئێوارە سەردانێکیان بکە، وتم باشە کچەکەیان چۆنە لەلایان ماوە، دایکم وتی:**



**ئێستا گەورە بووە چۆتە (مەکتەب) بۆ رۆژی دواتر، بەدیاریەك بۆ ئەژین سەردانی ماڵی حاجیم کردو بینیم کچێکی جوانو باڵابەرز ناوماڵی پاك دەکردەوە کە منی بینی رایکردەوە ژوورەو هاواری کرد**

**دایە.. دایە.. میوانمان هات،**

**دوای دایە حاجی هاتە دەرەوە بەخێرهاتنی کردم، بەڵام دیاربوو نەی ئەناسیمەوە،**

**منیش پرسیاری حاجی مەحمودم کرد، وتی چووە بۆ مزگەوت ئێستا دێتەوە. پاش ماوەیەك چاوەڕوانی، حاجی هاتەوە یەکتریمان ماچ کرد وتی ئەرێ کاکە تۆ لەکوێی هەر بزربووی دەڵێی لە (خارج) بووی**

**منیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتم نەوەڵڵا حاجی گیان لە (سلێمانی) بووم زۆر حەزم دەکرد چاوم پێتان بکەوێت بەتایبەتی ئەژین، هەرچەندە شەرم ئەکا بێتە ژوورەوە.**

**لە پڕ حاجی هاواری کرد ئەژین.. ئەژین..**

**کچم ئادەی وەرە ژوورەوە ئەو میوانە بۆ لای تۆ هاتووە.. ئەژین بە شەرمەوە هاتە ژوورەوەو بەخێر هاتنی کردم ویستی بچێتە دەرەوە بەڵام زوو داوام لێکرد بێت لە نزیك من دابنیشێ.**

**ئەژین تەمەنی گەیشتبووە (11) ساڵو لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو، پاش ماوەیەك ئەژین هەڵسا لەگەڵ دایە حاجی چووە دەرەوە، لە حاجیم پرسی ئەژین بەسەرهاتی خۆی ئەزانێ..**

**حاجی وتی نەوەڵڵا نەمان هێشتووە بزانێ..**

بەڵام رۆژێك لە مەكتەب دەگەڕایەوە بەگریانەوە خۆی كرد بە ژوورەو پێی وتم باوكە تۆ باوكی من نیت..

ئەم پرسیارە تاساندمی‌و بەتوڕەییەوە وتم ئەم پرسیارە بۆچی؟ كێ پێی وتی؟ بە گریانەوە وتی (كوڕێك) لە پۆلەكەمان پێی وتم خوا ئەزانێ تۆ كچی كێی! لە نێو تەنەكەی خۆڵ تۆیان دۆزیوەتەوە..

منیش پێم وت ناكچەكەم درۆ دەكەن گاڵتەیان لەگەڵ كردووی..

بەچاوی پڕ لە فرمێسكەوە وتی ئەی بۆچی دایك‌و باوكی رەفیقەكانم ئەوانەی هاوتەمەنی منن دایك‌و باوكیان وەك ئێوە گەورە نین.

# 7
# لەپێناو ئەو نەژیا

# 7

# لەپێناو ئەو نەژیا

ئێوارەیەکی پەمەیی لە ژێر سێبەری دارێك بە دەم لاوانەوەیەکی غەمگینەوە چەند جارێك گوێم لە ناوی ئەو کچەبوو کە لە خوێندن هاوپۆلم بوو،

لەگەڵ لاوانەوەکەش دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك بەسەر کۆڵمەسورەکانی دەهاتەخوارێ، لە گەڵ یەکەم نیگاوە بروسکەیەك لە دەروونم هەڵیکردو خۆی کردە نیو دەریایەکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستییەوە، هەنگاو هەنگاو لێی نزیکبوومەوە بەبێ ئەوەی هەست بکات کە من بەرەو رووی ئەچم،

کەمێك لەنزیکەوە بەبێدەنگی لەجێگای خۆم لەسەر چیمەنێك دانیشتمو گوێو دڵم بۆ لاواندنەوەو گۆرانییە بەسۆزەکانی شل کرد،

ئەو بۆ خۆی چووبووە دنیایەك کە خۆی بۆ خۆی پڕی کردبوو لەعەتری خۆشەویستیو هەموو ئەو جێژوانانەی عەترپێژ دەکرد کە تیایدا چاوی بەخۆشەویستەکەی کەوتبوو،

پاش ئەوەی نزیکەی پانزە خولەك گوێگرتن لەناڵەو سۆزی ئەو عاشقە دڵبریندارە، لێی چوومە پێشەوە بەڕوویەکی خۆشەوە، پێم وت



ئێوارە باش (......) ئەوە بۆ بەتەنیا ماویتەوە بەم ئێوارەیە، چاوەکانی بەرزکردەوەو بەهەناسەیەکی قوڵەوە وتی:

گیانەکەم من لێرە بەتەنیا نەبووم،

ئەو کەسەم لەگەڵ بوو کە دەمەوێت هەموو ژیانی خۆمی پێشکەش بکەم، بەڵام لەگەڵ هاتنی تۆو لەترسی ئەوەی بیبینی رۆیشتو منی بەتەنیا بەجێهێشت، بەسەر سوڕمانەوە وتم:

ئەوە چی ئەڵێی شێتبووی کوا ئەوە من نزیکەی پانزە خولەکە لەنزیکی تۆ دانیشتوم کەسم نەبینی بڕوا، بەخوا ئەڵێی تۆش باری دەرونت تێکچووە..

بەزەردەخەنەیەکی ساختەوە وتی

نا..نا..نا من تێکنەچووم ئەگەر تێکم نەدەن، وەرە با بۆت بگێڕمەوە، ماوەی زیاتر لەسێ مانگە عاشقی کچێکی شۆخو شەنگ بووم ئەگەر ئەتوانی کارێکم بۆ بکەی ئەوا هەتا ماوم خۆم بەقەرزداری تۆ ئەزانمو بەڵێنیش ئەدەم تا لەژیاندا مابم خزمەتت دەکەم تەنها بەخۆشەویستەکەم بگەم ئامادەم هەموو شتێك بکەم بەو مەرجەی بتوانم لەگەڵ (...) قسەبکەمو رازی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە،

توخوا تۆ بڵێی ئەویش وەکو من وابێت،

هەر لەوێ من بەڵێنم دا کە رێگاچارەیەکی بۆ بدۆزمەوە تا بتوانێت بگات بەخۆشەویستەکەیو رازی دڵی خۆی بۆ باسبکات، ئێوارە بەرەو شەو دەڕۆیشت بەیەکەو هەڵساین بەدەم رێگایەوە وتم: هەوڵ بدە خۆی ببینیو پێی بڵێی خۆشم ئەوێی،

بەدڵێکی پڕەوە وتی چی بکەم ناتوانم.. نا..

بە چ شێوەیەك بتوانم دە پێم بڵێ، چەندین ڕێگام بۆ دانا، هەر سەری ئەلەقاندو قسەكانی رەتدەكردەوە لەكۆتایی قسەكانمدا دەستی خستە سەرشانم:

بەقوربان ئەو ڕێگایانەی تۆ بووم باس ئەكەی هەموویانم كردووە، گەورەترین كێشەی من ئەوەیە كە ئەو كچە لەترسی باوكو برایەكانی ناتوانێت لەماڵەوە بێتە دەرەوە،

دواجار وتی من ڕێگایەكی ترم لەخەیاڵدایە ئەگەر ئەو ڕێگایەش سەرنەگرێت، ئەوا كۆتایی بەژیان دەهێنم..

بەسەرسامییەوە وتم ئەوا تۆ چی ئەڵێی، هەوڵی بۆ بدە هەر دەگەیت بەئامانجەكانت، نەكەی بەلاوازی خۆت بدەیتە دەست قەدەرو تا بزانی بەرەو كوێت دەبات، ئەو ئێوارەیە تەواوبوو كاتمان كردە هەشتو نیوی شەو.

(ك) ملی ڕێگای گرتە بەر وتی با بڕۆم ئەم شەویش بەرەو دۆزەخی ماڵەوە بگەڕێمەوە هەر لەئێستاوە تا بەیانی چەندین جار دەمرمو زیندوو دەبمەوە، دوای چەند رۆژێك لەنێو قەرەباڵغیەكی زۆری بازاڕەوە یەكێك لەدواوە قۆڵی ڕاكێشام وتی:

دە وەرەوە ئەوا تۆ لەكوێی لەبەیانیەوە بەشوێنتدا دەگەڕێم قوڵی خستە نێو قۆڵمو لەنێو قەرەباڵغیەكە دووركەوتینەوەو كاسێتێكی پەمەیی دایە دەستم وتی گوێی لێبگرە بزانە چۆنە، بەسەرسامییەوە وتم ئەمە چییە دەنگی كێی لەسەر تۆماركراوە،



بەخەندەوە وەك هەموو جارێ وتی تۆ گوێ بگرە، بەنیازم ئەو ئێوارەیەش لەپەنجەرەی ماڵی یارەوە وێنەیەكی كۆپیكراویش بۆ ئەو بهاوێژمە ژوری بۆ ئەوەی ئەویش گوێی لێبگرێت وەك تۆ،

بەڵام ئەوم زۆر مەبەستە گوێی لێبگرێت،

نیوەڕۆیەكەی گەڕامەوە ماڵەوە كاسێتەكەم لەگیرفانم دەرهێناو خستمە سەر تەسجیلەكە، سەرەتا گوێم لەگۆرانیێكی پڕ لەعەشق بوو دوای چەند خولەكێك دەنگ هات،

زانیم ئەوە دەنگی (ك)ە نامەیەكی دەنگییە بۆ خۆشەویستەكەی تۆماركراوە، ئەمە كورتەی نامەكەیە:

ئازیزم، خۆشەویستم(.....)

نازانم چ كاتێك گوێ لەم قسانەم دەگری بەهەر حاڵ ئەو كاتەت باش..

گیانەكەم لەوەتەی چاوم بەتۆ كەوتووە وەك مانگ لەدەوری تۆ زەرد هەڵگەڕاوم، بەبینینی تۆ هەمیشە سەوز دەبمەوە، ژیانم ئەكرێتەوە بەر، بەڵام نازانم تۆ بۆچی بێ مەیلی..

ئەگەر كەسێكی تر لەژیانی تۆدا هەیە دە پێم بڵێ تا كۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم، چونكە من لەپێناوی تۆ دەژیم بەبێ تۆ بڕیارم داوە چیتر دڵم بۆ درۆو قسە گەورەكانی ئەم ڕۆژگارە نەگرم.!.
گیانەكەم من چاوەڕێی وەڵامی تۆم..

چاوەڕێی تۆم..

چەند رۆژێك دوای ئەوەی كچە گوێ لەم قسانەی (ك) دەگرێ چەند قسەیەك لەسەر كاسێتەكە تۆمار دەكات،

دەڵێت من تۆم هەرگیز خۆش ناوێت، من دەمەوێت شەوان لەئامێزی کەسێکی تر بخەوم، بۆیە پێت دەڵێم من لەخەیاڵی خۆت بسڕەوە، بەدوای یەکێکی تر بگەڕێ، کە بتوانێت برینەکانت ساڕێژ بکات، چونکە من هەرگیز ناتوانم..

جارێکی تریش ئاوڕم لێ نەدەیتەوە..

(ك) وەڵامی لە هەمان کاسێت پێدەگات، لەنیوەی شەوێکی درەنگدا چەندین جار ئەم قسانەی بەتەسجیلەکەی دووبارە دەکردەوە، خەم تەواوی دەروونو جەستەی داگرتبوو، پەشۆکاوی بەروخسارییەوە دیاربوو هەرچەند دەیکرد خەو نەچووە چاوانی، هەزارو یەك بیری بۆ دەهات، چی بکات؟ چۆن لەو بارە گرانەی دەرونی رزگاری ببێت؟، بیری لەوە دەکردەوە کە (..) چۆن لەباوەشی یەکێکی تر بخەوێت،

دواجار بڕیاری دا کە بەیەکێك لەشێوەکان کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت، کاسێتەکەی ئەو دیوو کردو دوگمەی تۆمارکردنی داگرتو وتی:

گیانەکەم.. ئەوە من ئێستا کۆتایی بەژیانی خۆم دەهێنم، مەرگی من پێشکەش بەتۆی بێ وەفا بێت..

لەو کاتە تفەنگەکەی کە تازە برایەکەی لەدەزگایەك وەری گرتبوو پەلاپیتکەی تفەنگەکەی ئامادەکردو لولەی تفەنگەکەی خستە نێوچەوانی خۆیو پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەکە توند کردو بەگوللەیەك کۆتایی بەژیانی خۆی هێناو ژورەکەی شەڵاڵی خوێن



کرد، بۆ بەیانی بەرەو ئەو گۆڕستانەیان برد کە بەرامبەر ماڵی ئەو کچە بوو کە لەپێناویدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

8

# ژنێکی...کچ....

8

# ژنێکی.. کچ....

لەگەڵ چرکە ساتەکانی ژیانی هەر مرۆڤێك لەم دونیا پانوبەرینەدا کۆمەڵێك نهێنی شاراوە لەگەڵ خۆی دەباتە گۆڕەوە،

ئەم نهێنی و بیرەوەریانە لە دایك نابن هەر لەنێو رەحمی بوونەوە کۆتاییان پێدێت،

هەندێکیش لەو مرۆڤانەی کە نهێنیەکانیان هەراسانیان ئەکەن و ئەوەندە لە ناخیان کۆدەبنەوەو چەکەرەدەکەن کە ناتوانن لەناخیاندا جێگایان بێتەوە،

ئەو مرۆڤانەی کە نهێنیە زۆر تایبەتیەکانی خۆیان لەلای کەسانی ئازیز دەدرکێنن پێیان وایە کە بەرامبەر دەبێتە حەکیم و چارەسەری بنەڕەتی بۆ دەکات، زۆر جاریش وا دەبێت ئەو کەسەی کە نهێنی دەدرکێنێت لە لای کەسانی ئازیزی لە رووی دەروونیەوە هەست بە ئاسودەیی دەکات، هەندێك جاریش باسکردنی دەبێتە گێژاوێکی قوڵتر ئیدی دەرچوون تێیدا ئەستەم دەبێت،

ئەو ئێوارەییە زووتر لەرۆژانی تر بەرەو شوێنی کارەکەم رۆریشتم لەگەڵ گەیشتنم بۆ بارەگای رۆژنامە دوو جار زەنگی تەلەفونەکەم لێی دا جاری یەکەم چەند جارێك زەنگەکە دووبارە بووەوە بە درەنگێك وەڵامم دایەوە:



ئەلو.. ئەلو.. بەڵێ فەرموو

وەڵام نەبوو ناچار دام خستەوە، وتم ئەگەر کاری پێم بێت دووبارە تەلەفۆن دەکاتەوە، پاش زیاتر لە هەشت خولەك جارێکی تر هەمان ژمارە، زەنگی تەلەفونی لێدایەوە:

ئەلو.. بەڵێ... من...

پاش چەند جارێك ئەم وشانەی سەرەوەم دووبارە کردەوە هیچ دەنگێك نەبوو هەرچەند مۆبایلەکەشی کرابۆوە دواتر بە شەرمەوە:

ئەلو.. جەنابت کاك......ە.

بەڵێ گیان فەرموو.

من دەمەوێت چاوم پێت بکەوێت، نازانم چۆن کاتێکی خۆتم بۆ دیاری دەکەیت، هاوڕێیەك کێشەیەکی هەیە دەمانەوێت لەگەڵ جەنابتان باسی بکەین بۆ ئەوەی بتوانیت رێگەچارەیەکمان بۆ دابنێی بەڵکو لەرۆژنامە بڵاوی بکەیتەوە.

باشە.. دەکرێت کەمێکم لەو کێشەیەم بۆ باس بکەیت، چونکە ئەگەر من نەتوانم چارەسەرتان بۆ بدۆزمەوە با ئەزیەتتان نەدەم.

نا.. نا.. دەزانین دەتوانیت هاوکاریمان بکەیت، چونکە پێشتر کێشەیەکی تری هاوڕێیەکی ترمان لە رێگای نوسینێکی تۆوە چارەسەرکراوە.

دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی کورتمان کرد بەپێی ماوەی هەردوو لامان لەشوێنێکی هێمن کاتی یەکتربینینمان دیاریکرد ئاگاداری

یەکتریشمان کردەوە ئەگەر لەکاتی گۆڕانی ژوانەکە یەکتری ئاگادار بکەینەوە،

ئەوکاتەی دیاریمان کردبوو بەر لە چەند خولەکێك من گەیشتمە شوێنی مەبەست، چاوێکم بە دەوری خۆم دەگێڕا کەسێکی وا دیار نەبوو ئەو کەسەشم هەرگیز نەبینیوە بەڵام لەنێو هۆشی خۆمدا شێوەیەکی جوانم بۆ کێشابوو هەرواش بوو دوای تێپەڕبوونی پێنج خولەك بەسەر ژوانەکەماندا باڵابەرزێکی لێو ئاڵ بەدیار کەوت، کە خەمێکی قوڵ بە رووخساریەوە دیار بوو هەر کە گەیشتە لام ئێوارە باشی کردو...

جەنابتان.........

بەڵێ.....

بەشەرمێکەوە چاوەکانی بەرزکردەوە وتی من دەمێکە لەگەڵ تۆ ئاشناییم هەیە، تەمەننای ئەم رۆژەبووم کە ئێستا لەگەڵت دام، زۆر دەمێك بوو دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی تا دواجار بڕیارم دا کە تەلەفونت بۆ بکەم،

هەرچەندە ژمارەی تەلەفونەکەت چەند جارێك گۆڕانی بەسەرداهات بەڵام لە دوا ژمارەی رۆژنامەدا، هەمان ژمارەی کە لام بوو لەسەری نوسرابوو بۆیە هەر یەك رۆژ دوای دەرچوونی رۆژنامە تەلەفونم بۆ کردی.

ئێستا نامەوێت زۆر کاتت بگرم، چونکە دەزانم کارت هەیەو سوپاسی هەستی بەرزت دەکەم کە کاتێکی ژیانت بۆ ئەم دیدارە تەرخانکرد، من ماوەی هەشت ساڵە شووم بە کەسێك کردووە ئەم



شووکردنەمان هەڵکەوت بوو، هیچ خۆشەویستیەکی پێشینەمان نەبوو، بەهۆی کەسێکەوە ئەم کوڕەم ناسی دوای دووجار یەکتر بینینمان سێیەمین دیدار هاتە داوام هەرچەندە داوای دەرچوونی لێکردم لەگەڵی بڕۆم بۆ دەرەوەی شار لەبەر سومعەی خۆم نەدەچووم بۆ ئەم شوێنانە،

منیش لەبەرئەوەی دەمێك بوو چاوەڕێ بووم کەسێك بێتە داوام بۆئەوەی لە کاروانی ژیانم دوانەکەوم، چیتر ئێسکم لەلای دایكو باوكو براکانم گران نەبێت، بڕیارمدا شووی پێبکەم، لەماوەیەکی کورتدا کە کەمتر لەمانگێك بەسەر دەزگیرانێتیماندا تێپەڕی ئاهەنگی بەیەکتر گەیشتنمان سازکرد،

ئەو رۆژە پێم وابوو ئیدی تازە دێمە ژیانەوە، قۆناغێکی نوێ لە ژیانمدا دەستپێکردوە، رۆژی ئاهەنگەکەمان تا ئێوارەیەکی درەنگ لەدیار شاییو هەڵپەڕکێی کەسوکارمان ماینەوە ئاهەنگەکە کۆتایی هات، ئێمەش لەگەڵ چەند کەسێك بەرەو ئوتێلی (...) رۆیشتین لە ژووری 313 تارای بوکێنیم دانا و جلی شەوانەم لەبەرکرد، کوڕەش لە رووی نەهات لەبەرچاوی من جلەکانی بگۆڕێت چوو بۆ حەمامەکەو کە هاتەوە جلی شەوانەی لەبەردابوو بەدەم خەندەوە گوتی:

بمبورە نەمتوانی لەبەرچاوی تۆدا خۆم بگۆڕم،

منیش پێم وت ئینجا شەرمی بۆ چییە ئیدی لەم رۆژەوە منو تۆ ژیانمان بەیەکەوەیە بۆچی شەرم لەیەك بکەین..

دوایی لێم نزیك بووەو لەسەر رۆخی سیسەمەکە دانیشتین وتی:

برسيت نييە؟

... نا..نا..، ئەی تۆ برسيتە؟ وتی: نا..نا..،

ئەو شەوە چاوەڕێ بووم کە هەموو شتێك تەواو بکەین، من ببم بە ژن و چاوەڕێ بووم کە ئەو چی دەکات، هەرچەندە خۆی دەهێنا و دەبرد و دەڕۆیشتە حەمامەکە و دەهاتە دەرەوە..

باوەشی پێدا دەکردم وپاشان دەچووە بۆ حەمامەکە لە حاڵەتێکی دەرونی خراپ دابوو، ئیدی ئەو شەوە هەستم کرد کە زۆر دوودڵە و هیچی بۆ ناکرێت، هەرواش بوو هیچی پێ نەکرا.

شەوی دواتر داوای کرد کە نەڕۆینەوە ماڵەوە و هەر لە ئوتێل بمێنینەوە، منیش لە قسەی دەرنەچووم و وتم حەزدەکەیت یەك مانگی تر لێرە دەمێنینەوە،

دوو شەوی تر لەوێ ماینەوە، دیارە ئەو شەوانەی کە ماینەوە لە شەوی یەکەم باشتر نەبوو، زۆر هەوڵی دەدا بەهۆی دەستبازیەوە من تێر بکات.. واش بوو،

ئەو شەوانەی لەوێ ماینەوە بەهۆی هیلاکی دەستبازیەوە من زوو دەخەوتم ئەویش بەهۆی دڵەڕاوکێی خۆی بەدیار منەوە خەو دەیبردەوە، دوایی کە چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان سێ مانگ هەر وا ماینەوە، دوایی هەستی کرد من زۆر بێتاقەت بووم نەیدەزانی چی بکات شەوێ وتم: سەردانی عەیادە بکە و شەرمی ناوێ داوای حەبی (........) بکە یان دەرزی، دەڵێن بۆ نەخۆشی تۆ زۆر باشە، بڕیاری دا کە سەردانی دکتۆر بکات و خۆی چارەسەر بکات بەڵام هەر رووی



نەهات چەند جارێك چوو بۆ لای دکتۆر بەڵام لەرووی نەهاتبوو بڵێ ئەم نەخۆشیەم هەیە. تا شەوێکیان زۆر گریاو وتی:

دەمەوێت خۆم بکوژم ئینجا نازانم بەراستی بوو یان دەیویست من تاقی‌بکاتەوە، پێم وت خەم مەخۆ هەتا هەتایە جێت ناهێڵم و لای کەسیش باسی ناکەم.

دوای ئەوەی ئەم قسەم کرد دەروونی هێمن بۆوە و وتی:

مۆڵەتم بەرێ دەچمە شارێکی تر، چونکە دکتۆرەکانی ئێرە دەمناسنەوە و حەزناکەم بەنەخۆشیەکەم بزانن، منیش رازی بووم.

ژیان دەڕوا و منیش هەر چاوەڕێی ئەو گرێیەبووم بکرێتەوە و منداڵمان ببێت چەند ساڵێك هەروا رۆیشت هەستم کرد بە چاوێکی تر سەیرم دەکەن، پێم دەڵێن نەزۆکی، بۆ منداڵت نابێت، زۆرجار براو خوشکەکانی هاوسەرەکەم دەیانوت دەبێت براکەمان ژنێکی تر بینێت و ئەوە منداڵی نابێت.

منیش بەردەوام بەم خەفەتەوە دەتلامەوە، هەر جارێك پێیان دەوت نەزۆك، وام ئەزانی دەمخەنە گۆڕەوە، ژیانم زۆر تاریك بوو، نەمدەزانی چی بکەم، حەزم دەکرد ئەم نهێنیە لای کەسێکی نزیك باس بکەم، بەڵام ترسام باوەڕم پێ نەکەن و ببێتە هۆی لەکەدار بوونی کەسایەتی خۆم، ئیدی ئاوها لەگەڵ هاوسەرەکەم رۆیشتم و چەندین جار تۆرام و گەڕامەوە ماڵی باوکم.

بەڵام ئەوانیش بەچاوی سوك سەیریان دەكردم لەوێ بێزار دەبووم‌و ناچار دەچوومەوە ماڵە ساردو سڕەكەم تا دواجار بڕیارم دا كە كێشەكەم لە ڕێگای نووسینەوە بگەیەنم،

ئێستا هەشت ساڵ‌و دوو مانگە شووم كردووە هەتا ئێستا هەر كچم‌و بە كچێتی ماومەتەوە، منیش مرۆڤم‌و دەمەوێت بژیم دوای هەشت ساڵ شاردنەوەی ئەم نهێنیە، ئێستا حەز دەكەم هەموو كەس ئەم ڕاستیە بزانێت لەم ڕۆژەشەوە لەلای كەسوكاری كوڕەكە باسی دەكەم ئیدی ناتوانم لەگەڵ جەنازەیەكی مردوو ژیان بەسەربەرم،

زۆر بەشێنەیی گوێم بۆ قسەكانی شل كردبوو، لەهەمانكاتیشدا ئاگر لەنێو دەروونم بڵێسەی بەگوڕتر دەبوو لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتی،

دڵم پڕبوو كە فرمێسكم لە چاوەكانی بینی، خۆم بۆ نەگیرا لەگەڵ ئەو فرمێسكەكانی منیش ڕێچكەیان بەرەو خوارەوە گرت،

لەكۆتاییدا تەنها‌و تەنها یەك داوای هەبوو كە بەهیچ جۆرێك ناوی بڵاو نەكەمەوە، لەلای كەس باسی ئەو ژوانە‌و نهێنیەكان نەكەم تا خۆی باسی نەكات.

منیش بەڵێنێكم پێ دا دەبێت ئەو نهێنیە لەگەڵ خۆم ببەمە گۆڕەوە دڵنیابە. كەچی چاوڕێ بووم كە پەیوەندیم پێوەبكات‌و بزانم چی كردووە، باسی ئەم نهێنیە تەمەن كورتەی نەكردووە، وا پێدەچێت ئەم نهێنیە لەگەڵ خۆی بباتە گۆڕەوە‌و باسی نەكات.

# 9

# باوەش

9

## باوەش

لەدانیشتنەکانماندا لەگەڵ هاوپیشەکانم دوردەکەوتینەوە لە سیاسەت و باسی رابردوومان دەکرد،

هەموو رۆژێکی پێنجشەممە کردبوومانە نەریت لەیەکێك لە یانەکانی شار کۆدەبووینەوە باسی ئەو هەفتەی ژیانمان دەکرد، هەر یەکێك باسی پاڵەوانێتی خۆی دەگێڕایەوە، هەریەکەو باسی یەکێك لە کچە نزیکەکانی خۆی دەکرد،

کە چۆن پەیوەندی لەگەڵ کردووەو چی لێکردووە، رۆژی وا هەبوو لەسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی یەك هەفتەی کارکردنمان دەکرد، دەبووە کێشە لە نێوانماندا، چونکە لە پێنجشەممەی ڕابردوو پەیمانمان بەیەکتر دابوو کە بۆ یەکتری بنێرین و نامەی تایبەتیش بۆ ئەو کچانە بنێرین، جفرەیەکی نهێنیش لەنێو نامەکەدا بنوسین، لەسەر ئەو بەڵێنە چاوەڕوان بووم،

رۆژی شەممە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا،

یەکێك لەو هاوڕێیانەم بوو. دوای هەواڵ پرسین، وتی ئەوە یەکێکم بۆ ناردی گەیشت، بە سەرسوڕمانەوە وتم نەوەڵا..

هێندەی پێنەچوو سکرتێرەکەم هاتە ژورەوە نامەیەکی دایە دەستم.. کە نامەکەم کردەوە بە سکرتێرەکەم وت با بێتە ژورەوە بەڵام



با کەسی تر نەیەتە ژورەوە تۆزی کاری تایبەتیمان هەیە. چاوم لە دەرگا بوو..

ناسکۆڵەیەکی باڵابەرز هاتە ژورەوە بەدەم خەندەیەکی خۆش بەیانی باشی لێکردم، لەگەڵ دیمانەی دا یەك بەخۆم لەبەری هەڵسام و فەرموو فەرمووم لێکرد،

خۆشم لە پاڵ مێزەکەی ژوورەکە هاتمە دەرەوە لە نزیکی دانیشتم و کاغەزەکەی هاوڕێیەکەم کە هێنابووی لەسەر مێزەکەم هەڵگرت و پێم وت یاخوا بەخێربێیت (.....) خان

ئەوەی کە داواتکردووە بەسەر هەردوو چاوم بۆت جێبەجێدەکەم، بەڵام دەبێت دوای دوو رۆژی تر سەردانم بکەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانم لەرێگای چەند برادەرێك مامەڵەکەت بۆ تەواو بکەم،

چونکە ئەوەی لای من بێت هەر ئێستا بۆت تەواو دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی تر سەبرم لێبگرە،

تۆ بەردەوام تەلەفۆنم بۆبکە بەڵام بۆ مۆبایل،

تەلەفۆن بۆ دائیرە مەکە بەهیچ شێوەیەك، چونکە خۆت دەزانی دامەزراندن ئێستا نییە هەر دەبێت بە شێوەیەکی (خاص) بکرێت، ئەگەر تۆش ژمارەی تەلەفۆنی خۆتم بدەیتێ ئەوا من هەر کاتێك کارەکەم تەواو کرد پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە..

بەخەندەیەکی نەرمەوە، ئێمە تەلەفۆنمان نییە بەڵام دەتوانم مۆبایلی خوشکەکەم بەکاربهێنم هەر کاتێك کارت بەمن هەبوو تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکە (.......)

من ئاگادار دەکاتەوە. ئەو رۆژە دوای ئەوەی زیاتر لە یەك کاتژمێر بەیەکەوە دانیشتین نیگایەکانمان گۆڕیەوە بە پێکەنینەوە وتی من کاتم درەنگە دەبێت بڕۆم لە ماڵەوە چاوەڕێم دەکەن،

هەرچەندە پەنجەکانی ئەڵقەی تێدانەبوو بەڵام زانیم کە شووی کردووە، بەڵام هەوڵی ئەدا خۆم لەو پرسیارە نەدەم کە زۆر تایبەتییە، هەڵسایە سەر پێیان‌و دەستی درێژکرد بۆم‌و تەوقەی ماڵئاوایی لەگەڵ کردم پێی وتم کارت نییە، منیش بە نیگایەك پێم وت نا ... تۆ کاری ترت نییە..

ئەوەم بۆ بکە تەنها ئەو کارەم هەیە ئاگام لە خۆم بڕا پەنجەکانم لەنێو پەنجەکانی بەجێ ما دوای دوو دەقیقە دەستم لە نێو دەستی بوو پەنجەکانی بەردام خوداحافیزی کرد. چووە دەرەوە،

سکرتێرەکەم وتی خەڵکی زۆر لەبەر دەرگا وەستاوە بێنە ژوورەوە..

وتم با بێن هەموو ئەو کەسانەی کە سەردانیان کردم هەر شێوەی ئەو شۆخەم لێ بەدی دەکرد..

بەپەلە تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکەم کردو پێم وت غەزەب ئەوە چیت بۆ ناردبووم زۆر جوانە، ئەویش بە پێکەنینەوە وتی

ئێ کوڕی باش تۆش دانەیەکی ئەوهامان بۆ ڕەوانە بکە، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانمان زیاتر پتەو بێت.

دوای ئەوەی رۆژی دواتر خۆم داواکاریەکم بۆ نووسی.

لەلای خۆمان کتابێکی رسمیم لەگەڵ نارد بۆ وەزارەت بەمەبەستی دامەزراندنی، ئەمزانی کتابەکە بە بەرید بچێت زۆری پێدەچێت، بۆیە



خۆم بردم بۆ وەزارەت وەکیلی وەزیر کتابێکی بۆ کردو بۆ سەروو بەرزکرایەوە، شەوەکەی کە گەڕامەوە لە ماڵەوە مۆبایلەکەم زەنگی لێ دا هەر چەند میوانمان هەبوو..

تەلەفۆنی بۆکردم، لەگەڵ یەکەم وشە دەنگم ناسی لای میوانەکانم بەجێهێشت، چوومە ژورەکەی ئەودیو هەواڵی مامەڵەکەی پرسی، داوام لێکرد کە بەیانی بێت بۆ دائیرە بۆ لام..

زۆرم حەز دەکرد قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام دیاربوو ماوەی نەبوو زوو خوداحافیزی کردو تەلەفۆنەکەی داخستەوە رۆژی دواتر بەتاسەوە چاوەڕێی هاتنی بووم کە کاتی هاتنی نزیك بووە خۆم هەڵسام بە بۆنی موعەتەر ژورەکەم بۆنڕێژ کرد. دوای چەند دەقیقەیەك سکرتێرەکەم خۆی کرد بەژووردا وتی (.....)خان هاتووە بۆ لات..

با بێت بەڵام با جارێ کەسی تر نەیەتە ژوورەوە کارمان هەیە.. لەگەڵ هاتنە ژورەوەی، ژوورەکەم چەند بۆنی خۆش بوو ئەویش هات هێندەی تر بۆنی خۆشکرد، لێی نزیك بوومەوە لە تەنیشتی دانیشتم پێم وت کتابەکەت لە سەرەوەی خۆمانەو چاوەڕێی وەڵامەکە دەکەم بە دڵنیاییەوە ئەم هەفتەیە دەردەچێت بەڵام زۆر دەمێك بوو بیرم دەکردی بۆیە وتم سەردانمان بکە..

ئەویش وتی خۆشم حەزم دەکرد سەرێکت لێبدەم..

دوای کەوتنە گفتوگۆ، ناوەناوە دەستم لەڕانی نزیك دەکردەوە، سەرەتا تۆزێ خۆی دەکێشایەوە بەڵام دواتر بەهۆی بەردوام بوونی لە قسەکانی بەلایەوە ئاسایی بوو، دوای ئەوەی چەند جارێك دەستم

لە ڕانیدا، ئەنجا دەستم خستە نێو دەستی بە دوو پەنجەی دەستی منی گرتو بەلای خۆی رایکێشا، دەستم خستە سەرملی ماچێکی تەڕم لەڕووە سورەکەی کرد،

بە پەنجەکانی دەستی چەپم قژە خاوەکەیم بۆ هێنایە خوارەوەو باوەشم پیا کردو ماچێکی نێو دەمم کرد، لە پڕ تەقەی دەرگایەکە هات، هەڵسامەوە چوومە سەرمێزەکەم.

فەرموو.. سکرتێرەکەم هاتە ژورەوە، ناوی هاوڕێیەکی نزیکی هێنام.. کە هاتووە..

(....) خان هەڵسایە سەرپێ وتی دەڕۆم، تا ماوەیەك ئەو پەیوەندییەمان بەردەوام بوو، چەند جارێك بە ئۆتۆمبیلەکەم دەچووین بۆ شوێنی تایبەت. ڕۆژێکیان پێنجشەممە بوو دەوامی دائیرە نەبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم..

وتی ئەڵێی لەخەو هەڵنەساویی..

وەڵڵا خەریکم هەڵدەستم وتی من ئێستا لە نزیك ماڵی ئێوەم ئەم شەو لە ماڵی پورم بووم تۆزێکی تر دەڕۆمەوە،

منیش داوام لێکرد بەر لەوەی بڕواتەوە لە ماڵەوە سەرێکم لێبدات، چونکە ڕۆژی پێشتر خێزانەکەم ڕۆژی پێنجشەممەی دانابوو بچێ بۆ ماڵی خەسووم، هەر لەنێو جێگایەکەم دابووم ژنەکەم وتی من دەڕۆم هەڵسە بمانگەیەنە..

تاقەتم نەبوو وتم دەی بەتاکسی بڕۆ تاقەتم نییە، خێزانەکەم بە تورەبوونەوە مناڵەکەی پێچایەوە بە قایمی دەرگاکەی داخستو



ڕۆیشت، دوای ئەوەی کە ڕۆیشت بەپەلە هەڵسامو چاوەڕێی زەنگی دەرگام دەکرد..

لە پڕێك زەنگ لێدرا کە سەیرم کرد (....) خان بوو بەپەلە بەرەو رووی دەرگا چووم، دەرگام لێکردەوەو فەرموو فەرمووم لێکرد تا بردمە ژورەوە کە دەرگای مەدخەلەکەم داخست بەباوەش هەڵم گرت بردمە ژووری خەوتنم..

لەسەر سیسەمەکەم دەمم خست نێو دەمی چەند چرکەیەك لێوەکانم مژینو دیسان زەنگی دەرگا لێدرایەوە، بە پەلە هەڵسامو چوومە سەربان بۆ ئەوەی بزانم کێیە بینیم ژنەکەمە هاتۆتەوە، لەسەربان هاتمە خوارەوە دەرگای بۆفیەکەم کردەوە پێم وت بچۆرە ناو ئێرە، دراوسێکەمانە بزانم چی دەوێت..

دوای ئەوەی دەرگای بۆفیەکەم داخست کلیلەکەم خستە نێو گیرفانی کراسەکەم.. چووم دەرگاکەم کردەوە ژنەکەم وتی بێشکەی مناڵەکەم لە بیرچووە خێراکە خۆت بگۆڕە بە سەیارەکە بمانگەیەنە، خۆ بێشکەش بە تاکسی نابەم دەی خێراکە.

باشە، ئۆتۆمبیلەکەم لە نێو گەراجەکە هێنایە دەرەوە بێشکەکەم خستە ناوی وتم خێراکە وەرە با بڕۆین لە ڕێگا ژنەکەم وتی:

ئەوە چییە ئەڵێی سەرخۆشی ئاوا بۆ خێرا دەڕۆی تۆ خۆت خۆش ناوێت، من خۆمم خۆش دەوێت لەسەرخۆ بڕۆ من هەر بیرم لەلای بۆفیەکە بوو، ئاگام لە خۆم نەبوو، خۆم کێشا بە ئۆتۆمبێلێك، لایەکیم هێنایە خوارەوە، شوفێری سەیارەکە ئەزیەتی بوو،

پۆلیسی هاتوچۆ گەیشتە شوێنەکەو دواتریش پۆلیسی مەرکەزەکەی بەرامبەریشمان هات، منیان برد بۆ مەرکەز،

داوام لە ژنەکەم کرد بچێتە ماڵی باوکی...

لەوێ کابرای شوفێرەکە وتی: کاکە من باری تەندروستیم خراپە دەچم بۆ نەخۆشخانە بەڵام ئەم کابرایەم بۆ سجن بکەن،

تا لایەك بەلایەك دەکەوێت، منیان خستە نێو زیندان هەرچەند هەوڵم دا ئازادم بکەن، ئەگەر بە پارەش بێت بەڵام ئەفسەری مەرکەزەکە، زۆر توند بوو، دیاربوو خزمی کابرای شوفێرەکە بوو بەری نەدام..

ناچار بووم بانگی پۆلیسێکم کردو وتم کاکە بچۆ ماڵی ئێمە، ئەمە ناونیشانو کلیلی ماڵەکەمە بۆفیەی جلەکانم بکەوە کچێکی تیایە بیهێنە دەرەوە، ئەمەش (500) دینار بۆ تۆ بەڵام با کەس نەزانێت بەینی خۆمان بێت، پۆلیسەکە کە (500) دینارم دایە زۆر پێی خۆش بوو، وتی ئەوا دەچم، کە پۆلیسەکە دەچێت بۆ ماڵمانو دەرگای بۆفیەکە دەکاتەوە دەبینێت ژنەکەی خۆیەتی،

کە چاوی پێ دەکەوێت ژنەکە لە ترسان یەکسەر دەبورێتەوە، کابرا ناچار دەبێت دەچێت تاکسیەك دەهێنێتو ژنەکەی دەباتەوە ماڵی خۆیانو دارکارییەکی باشی دەکاتو پێی دەڵێت بڕۆ بۆ ماڵی باوکت..

منو تۆ تەواو...

پۆلیسەکە هەر نەهاتەوە پرسیام لە ڕەفیقەکانی کرد وتیان دە ڕۆژ داوای مۆڵەتی کردووە، هەتا من لەوێ بووم نەهاتەوە بۆ مەرکەز.



دەرگای ماڵەکەشمان لەسەر پشت ببوو، دراوسێکانمان دەرگاکانیان داخستبوو، کە ژنەکەم بەوەی زانی داوای ڕونکردنەوەی لێکردم ئێستاش هەر خۆم لەو پرسیارە دەدزمەوە.

## 10

# ڕازی کچێك

10

# ڕازی کچێك

ئەوکاتەی تەمەنم سیانزە ساڵان بوو حەزم دەکرد بەردەوام ڕووم بکرێتەوە،

بۆیە هەمیشە هەوڵم ئەدا بچمە دەرەوە هەرچەند زۆر ڕقم لە خوێندن و خوێندنگابوو بۆیە تەنیا تاپۆلی سێ یەمی ناوەندیم خوێند، نەشم توانی تەواوی بکەم. وازم لێهێنا،

ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە بووم.

ڕۆژانە بەکاروباری نێوماڵ خۆم سەرقاڵ دەکرد، بەڵام زوو لەو ژیانە بێزاربووم هەوڵم دا لەشوێنێك کارێك بدۆزمەوە بۆئەوەی بەبیانوی دەوام بچمە دەرەوە. زۆر هەوڵم دا کارێکی وام دەست نەکەوت کەبەدڵم بێت. ناچار چوومە یەکێك لەڕێکخراوەکان کارم کرد،

بە موچەیەکی کەم کە بەشی هاتووچۆشی نەدەکردم.بەڵام هەربەردەوام بووم، ڕێگایەکی باش بوو بۆ ئەوەی بێمە دەرەوە

لەهەمان کاتیش چاوەڕوانی یەکێك بووم کە لەگەڵی ئاوێتەببم و ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبهێنم،



هەرچەندە من زۆر دەم بەخەندەو کراوە بووم ئەوەش وایلێکردم کەلەژیانی تایبەتیم زۆر زەرەر بکەم.لەشوێنی کارکردنم چەند کوڕێك هەبوون چاویان لەسەرم بوو،

من دەمویست یەکێك هەڵبژێرم کەهاوتەمەنی خۆم بێ ولەیەکتری بگەین، بەڵام نەمتوانی چونکە ئەوەی کەداوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم تەنها بۆمەبەستی تایبەتی بوو.

هەرچەند لەڕوکارەوە دەیوت هەمووشتێك دەکەم بۆ ئەوەی من وتۆ بەیەك بگەین، بەڕێوەبەرانی شوێنی کارەکەم زۆرلەوپەیوەندییەی ئێمە بێزاربوون هەرچەندە زۆر هەوڵیشم ئەدا کە ئەوپەیوەندییەمان نهێنی بێت کەس پێی نەزانێ بەڵام هەموویان گومانیان هەبوو تاڕۆژێك پێیان وتم ئیتر مەیەرەوە بۆئێرە دوای ئەوەی لەوێ نەمام زۆربەی ڕۆژ ئەوکوڕەی کەخۆشم ئەویست بەئۆتۆمبیل دەهاتە شوێنم و بەدەوری شاردا دەسوڕاینەوە وئەوەش وایکرد چەندین خەڵك کەدەم ناسن بەیەکەوە بمان بینن وکاریگەری سلبی کردە سەرژیانی تایبەتیم،

پاش ئەوەی لەوێ نەمام هەوڵم دا لەشوێنیتر کارم دەست بکەوێ بۆئەوەی بتوانم هەرنەبێ پێویستییەکانی خۆم دابین بکەم و چاوم لەدەستی دایك وباوك وبراکانم نەبێت.

هەرکارێکم ئەدۆزییەوە چەند ڕۆژێك دەوامم ئەکرد دواتر خاوەن کارەکە پێی دەوتم بەیانی مەیەرەوەتاخۆمان جوابت بۆدەنێرین،

ناچار جارێکی ترهەوڵم دا لەیەکێك لەڕێکخراوەکان کاربکەم، هەرچەند پێشتر تێیدا ئەندام بووم و کارم کردبوو،

لەوێش چەند کەسێك داوای پەیوەندی خۆشەویستیان لێکردم بەڵام من ڕازی نەبووم،

ئێواران کە دەڕۆیشتمەوە ئەوکوڕەی کەئۆتۆمبیلی پێبوو چەندین جار منی دەگەیاندە ماڵەوە، تەنانەت کەلەماڵەوەش دەهاتم بۆدەوام نیوەڕۆیان دەهات بەشوێنمدا دوای ماوەیەك داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم من ڕازی نەبووم.

هەموو نیوەڕۆیان دەهات بەشوێنمداو بەدەوری شاردا دەسوڕاینەوە باسی خۆشەویستی دەکرد هەندێ جاریش دەچووینە دەرەوەی شار جاری واهەبوو ئێواران درەنگ دەهاتینەوە کەدەڕۆشتمەوە بەدایکم ئەوت ئەمڕۆ کۆبونەوەمان هەبوو بۆیە دواکەوتم یان ئەگەر ڕۆژێ مەوعیدمان هەبوایە بچینە دەرەوە بە دایکم ئەوت درەنگ دێمەوە ماوەیەکی زۆر ئەوپەیوەندییەمان بەردەوام بوو هەمووجارێ پێم ئەوت وەرە بۆداوام هەرجارێ بیانویەکی ئەدۆزییەوە تاوای لێهات ئیترلێی دورکەوتمەوە،

بەڵام ئێستاش بەردەوام تەلەفۆنم بۆدەکات منیش ناتوانم وەڵامی نەدەمەوە، چونکە بێزارم دەکات بەزەنگ لێدان من زۆر بەدڵ سافی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەوروبەرەکەم کردووە بەڵام هەستم بەوەکردووە کە ئەوهەڵسوکەوتەم کاریگەری لەسەرژیانی داهاتووم دروست دەکات دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش لەژیانمدا.

هەرکەسێ ئەوانەی ویستویانە ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ پێك بهێنم پاش ئەوەی هەمووشتێك تەواو دەکەین پەشیمان دەبنەوە،



بۆیە جارێکی تر هەوڵ ئەدەمەوە کە بگەڕێمەوە ژیانی ئاسایی چیتر خەڵکی نەبنە ڕێگر لەبەردەم بەیەکەوە نانی ژیانی هاوسەریم،

بەڵام چیبکەم لەدەست خەڵك کە هەمووجارێ هەوڵەکەم بەفیڕۆ ئەدەن. تاوایان لێکردووم بەقەیرەیی بمێنمەوە،

لێرەوە یەك داواکاریم هەیە بۆهەموو ئەوکچانەی کەنەچوونەتە ژیانی هاوسەری کەهەرگیز لەگەڵ ئەوکوڕانە بەسواری ئوتومبێل مەسوڕێنەوە چونکە خەڵکی ئەم شارە هەریەکەیان شەش چاویان هەیە لەپاشەڕۆژ دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش لەژیانتانو ناوتان بەسۆزانی دەڕواو بەچاوی سوك سەیردەکرێن،

تەنانەت ئەگەر لەگەڵ کەسوکاری خۆشتان بەتەنیا بسوڕێنەوە هەرقسەتان لەسەردەکەن بۆیە واچاکە ئەگەر خۆشەویستیتان کرد بەشێوەیەکی نهێنی بێت،

چونکە ئەوکوڕانەی بەئۆتۆمبیل ئەیەوێ مەبەستەکانی خۆی جێبەجێبکات لەلای چەندین هاوڕێی تری خۆی باسی دەکاتو بەچاوێکی سوك سەیرتان دەکەن تەنهاوتەنها بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان ئەیانەوێ بەڵێنی درۆبدەن.

ئەوکوڕەی کەماوەیەك بوو خۆشم ئەویست ناوی بەسۆزانی بردبووم ئەوڕۆژەی کۆتایی بەپەیوەندیمان هات وتی من باوەڕت پێناکەم چونکە لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی تر دەڕۆی منیش لەژیانمدا تەنها لەگەڵ ئەو بەسواری ئۆتۆمبێل لەناوشارو دەوروبەری سوڕاوینەتەوە.

# 11

# شەوە هیلاکەکانی تەمەن

## 11

# شەوە هیلاکەکانی تەمەن

دوای نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی رابردوو، لەشەقامی سەرەکی شار لەبەردەم ویستگەی پاس ژنیکی ئەسمەری رەش پۆش وەستابوو، ئەو چەند مەتریك لەوێستگە کە دوور کەوتبووە، لەدوورەوە بینم پاس هاتوو ئەو کچ و منداڵەی لەوی وەستا بوون، سەرکەوتن، ژنە رەش پۆشەکەش ناوەناوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد. چاوی لەسەر ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانە بوو کە بەخێرایی لەوی گوزەریان دەکرد بەتایبەتی ئەو ئوتۆمبێلانەی کە تەنها شوفیرەکەی تیدابوو, ناوەناوەش دەستی لی بەرز دەکردنەوەوە بۆ ئەوەی بۆی بووستن تادەهات من زیاتر لیی نزیك دەبوومەوە چەند مەترێك مابوو بگەمە لای دەستی بەرزکردووە, داوای وەستانی لیٚ کردم، هەرچەند تۆزیك خیرابووم لەرۆیشتن، بەڵام هیور بوومەوە و تۆزیك لەو تیپەڕیم لەلای چەپی جادەکە وەستام ئەو بۆ لای سەیارەکەم هات بەبی ئەوەی قسەم لەگەڵ بکات لەپێشەوە سەرکەوتوو پیی ووتم فەرموو کاکە بابڕۆ... بەرەو کوی؟

بەدەم رۆشتنەوە سەیریکم کرد و پیم ووت بۆ کوی بڕۆم. بەپێکەنینەوە بۆ کوی دەرۆی بڕۆ، بۆ بەهەشت، جەهەنەم بە ئارەزووی خۆت کوێت لا خۆشە برۆ، سەیرم بە قسەکانی هات،



بەخەندەیەکەوە وتی تۆ کوێت لاخۆشە دەچینە ئەوی... سەری بەرز کردووە دوگمەی نیوان مەمکەکانی کردووە و خۆی لەهەوا ساردەکە نزیك کردەوە بەتیلە چاویکەوە سەیرم کرد و دوایی دوگمەی دووەمیشی کردەوە. هەردوو لای کراسەکەی گرت و بەرۆکی بۆ والاکردم هەردوو مەمکی هێنایە دەرەوە, وتی سەیری بکە شایەنی ئەوەن لەسەریان بخەویٚ. ئەو هەولی ئەدا کەبەهەر هۆیەك بێت سەرنجی من رابکێشی و هەستی سیکسیم بوروژێنی بۆیە ناوە دەستی دەهێنا بە سەر ڕانم بە دەم رێگاوە قسەی وروژنەری لی دەکردم. داوای, کرد کە بچین بۆ شوێنیك کە چۆل بێت داوای دەکرد ئەگەر ماڵ بیت باشترە بۆ ئەوەی ترسمان لەهیچ نەبێت.

لەکوی دەستی پی کرد

بەرلەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکی بدەمەوە داوام لیکردگوێلیێبگرم بۆ ئەوەی باسی ژیانی خۆی بکات. بە ئاهێکی ساردەوە وتی تەمەنم نزیکەی 38ساڵ دەبێت لەتەمەنی 27ساڵییەوە بەریکەوت کوڕێکم ناسی کە خەڵکی دەوروبەری هەولێر بوو. بەهۆی کارکردنیەوە یەکترمان ناسی و پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەنیوانمان دروست بوو دوای ماوەیەك داوای لی کردم کە شوی پیبکەم منیش رازی بووم وهاتە داوام بەبی ئەوەی ئەلقەیەکیشی پی بکەم, دوای ئەوەی ماڵمان دروست کرد ماوەی زیاتر لەدوانزە ساڵ بەیەکەوە ژیاین دوو منداڵم لیی پەیدابوو ئەو دوومنداڵەم زۆر خۆش دەویستن هەمیشە لەگەڵ خۆمم ئەبردن بۆ هەر شوێنیك چووبام. زۆر دڵم پییان خۆش بوو میردەکەشم زۆر خۆش دەویست هەمیشە

بەیەکەوە سەفەرمان دەکرد، قەت بیرم لەشتی خراپ نەدەکردەوە، پیاوەکەم ڕۆژانە بۆ کار دەچووە دەرەوە جاری وا هەبوو سەعات 12ی شەو دەهاتەوە زۆر هیلاك دەبوو زور شەو تا چواری بەیانی لەشم دەشیلا بۆ ئەوەی باش پشوو بدات و بەئاسودەیی بخەوی.

**هەڵوەرینی گولی نیوانمان**

میردەکەم لەپڕێکدا گۆڕانیکی بەسەرداهات بەشیوەیەکی توندوتیژ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، هەر جاری دەهاتەوە ماڵەوە بەتوڕەیەکی زۆرەوە هاواری بەسەردا دەکردم، هەر خواردنیکم بۆ ئەهێنا نەی ئەخواردو نەی دەهێلا منداڵەکانیش بیخۆن. ژیانم تادەهات ناخۆش ئەبوو میردەکەم زیاتر خراپ دەبوو تاوای لیهات چەندین جار بەدار لییَ ئەدام بەبی ئەوەی پیم بڵی کە تاوانم چییە هەر چەند هەولْم دا کە بزانم بۆچی وایلیهاتووە بەلاّم لێی تینەگەیشتم، ماوەیەکی زۆر شەوان لەگەڵم نەدەخەوت کاری جووتبوونمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد هەر چەندە من هەوڵم دا کە هەستی بوروژێنم بۆ ئەوەی وای لی بکەم کەبێتە .لام سودی نەبوو، زۆر زۆر هەولمّدا لەگەڵی بەلاّم سودی نەبوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندییەکانمان ئالۆزتر دەبوون منیش بڕیارم دا کە چیتر نەرم ونیانی نەنوینم لەئاستی بۆیە پەیوەندیەکانمان زۆر ئالۆز بوو تاگەیشتە جیابوونەوەمان لەماوەی هەفتەیەك لەیەکتری جیابووینەوە، داوای لی کردم کەماڵەکە بەجی بهیڵم رازیبوم بەمەرجێك مناڵەکانم لەگەڵ خۆم دەبەم بەلاّم رازی نەبوو، بەر لەوەی ماڵەکە بەجی بهیڵم منداڵەکانی لی شاردمەوە نازانم بۆ کویی بردن.



**گەڕانەوە بۆ ماڵی تەنیایی**

بەناچاری گەڕامەوە ماڵی باوکم لەکەرکوك کە تەنها دایك و باوکیکی پیرم هەبوو توانای هیچیان نەبوو جاریکی تر ژیانم لەوی دەست پی کردەوە بەلاّم زۆر جیاواز لەرۆژانی کچێنی و لاویتی، پاش مانگێك کەس نەبوو کارمان بۆ بکات مەسرفی ڕۆژانەمان بکات هەرچەند هەوڵمدا لەشوێنێك دابمەزریم بە خزمەتگوزار یان بە کارکەر. کارم دەست نەکەوت ناوە ناوە هەوڵمدا کە خۆم رابهێنم بۆ ئەوەی بتوانم لەماڵەوە بمێنمەوە بەلاّم ڕۆژ بەرۆژ ژیانم ناخۆش دەبوو لەبەر ئەوەی بژیووی ژیانم نەبوو هەندی ڕۆژ رووم دەکردە بازاڕ بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانم کاریك بکەم. بەلاّم بی سود بوو ڕۆژێك مامۆستایەك کە لەقوتابخانەیەك بوو نزیك ماڵی ئێمە بەهۆی دراوسێکمان داوای لی کردم کە نانی بۆ بکەم بەکری ،بەوکارە زۆر ئاسودە بووم دڵم خۆش بوو دوای ئەوەی کەنانەکەم بۆ کرد پاریەکی کەمی دامی بەلاّم چار نەبوو چەند جارێك ئەم کارەم بۆ کردوو بۆ چەندین مامۆستایی تریش ئەو کارەم کرد.

ڕۆژیکیان داوایان لی کردم کە بچمە ماڵیك بۆ ئەوەی لەوی نانیان بۆ بکەم بۆ ئەوەی هەرکاتێك پێویست بوو ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوی بچم. دەمەو نیوەڕۆیەك هاتن بەشوێنمدا بۆ ئەوەی بچم نانیان بۆ بکەم لەماڵیك کە چوومە ژورەوە دوو کوڕی لی بوو کەسی تری لی نەبوو دوای ماوەیەك پشوودانم داوام لیکردن کە کارەکەیان بۆ بکەم

یەکی لەکوڕەکان وتی: تۆ ناتەوی پارەی خۆت وەرگری پەلەی چیتە ئێستا ئامادە دەبین.

### راهاتن، سیکس، ژیان

پاش ئەوەی ماوەی چارەکە سەعاتیك چاوەڕیم کرد یەکێك لەکوڕەکان بەبیانوی هێنانی کەل وپەلی نانکردن رۆیشتە دەرەوە.کورەکەی تر کە تەمەنی لەنیوان 26– 28ساڵی بوو دەستی کرد بە گیرفانی پەنجا هەزار دیناری دەرهێنا و دایە دەستم باوەشی پیاکردم داوای لیکردم کە کاری سیکسیم لەگەڵ بکات، سەرەتا رازی نەبووم ویستم لەباوەشی بێمە دەرەوە بەڵام ئەو تونتر باوەشی پیادەکردم دواتر پاڵی خستم چەند جاریك سیکسی لەگەڵ کردم، دوای کوڕەکەی تریش هاتەوە، هەر لەژوورەکەوە نەیان هێشت هەڵسمەوە ئەویش چەند جارێك کاری سیکسی لەگەڵ کردم. ئەوەبوو دوو کوڕە بوونە موشتەری هەمیشەییم هەر کاتێك تەلەفۆنیان بۆ بکردبام دەچووم بۆ ئەو ماڵە چەندین کوڕی تریش لەڕیگەی ئەم دوو کوڕە دەهاتن بۆ رابواردن هەندێکیان زۆر ئازاریان ئەدام تابەیانی نەیان دەهێشت بخەوم بەچەند کەسیك سیکسیان لەگەڵ دەکردم ئیتر لەو رۆژەوە ئەو کارەبووە کاری بەردەوامم و لەو رێگایە پارە پەیدا ئەکەم.

ئیستا رۆژانە پارەیەکی باشم دەست دەکەوی دایکم و خۆشم بەشیوەیەکی باش بەم پارەیە دەژین دایکیشم دەزانی کە ئەم کارە دەکەم چەندین شەو لەماڵان ماومەتەوە جاری وا هەبووە بەهەفتە



نەرۆیشتومەتەوە مەگەر نەخۆش کەوتبم ئەگەر نا لەماوەی سێ ساڵی رابردوو بەردەوام کارم هەبووە چەندین موشتەریم هەیە ژمارەی مۆبایلەکەم لەلای ئەوان هەیە هی ئەوانیش لای من هەیە هەرکاتێکیش مۆبایلەکەم بگۆڕم ئاگاداریان دەکەمەوە من بەردەوام هاتووچۆ دەکەم لەسلیمانی و هەولیرو کەرکوك لەهەرسی شاریش خەڵکی تایبەتم هەیە.

### هەمان دووا ویستگە

پاش گەڕانیکی چل دەقیقەی بەدەوری شاردا داوای لیم کرد کە بەرامبەر پارەیەکی کەم لەگەلی رابویرم . هەر چەندە هەوڵی دا من رازی نەبووم دوای بەدڵساردیەکی زۆرەوە وتی: ئەزانم بەدڵت نیم وامەزانە روخسارم ئەوهایە من ئەزانم چ لەزەتیکی سکیست پی ئەدەم زۆر قسەی کرد تا قەناعەتم پی بهێنیت دواجار کەگەیشتمە هەمان ویستگەی کە سواری ئوتۆمبیلەکەم بوو داوای کرد دابەزی بەر لەدابەزینی ووتی من هەموو رۆژ لەکات ژمیر(12 –1) دوای نیوەرۆ لیرە ئەوەستم هەرکەسی بێت لەگەڵی ئەرۆم.

# 12
# مارێنز

12

## مارێنز

دەمەو ئێوارەیەکی پڕ لەخرۆشی ئازادی، لەبەرامبەر گازینۆکەی نزیك باخی گشتی، ئوتومبیلێکی تازەی سەربازی لەبەردەم دوکانیك وەستا، چەند سەربازێکی ئەمریکی لێیی دابەزین، دووانیان بەرەو دوکانەکان رۆیشتن،

دیار بوو پێداویستییان هەبوو، حاجی تێرامانێکی سەیریی بۆ سەربازەکان هەبوو، زۆر ئارەزووی دەکرد خۆی لێیان نزیك بکاتەوەو حەزی دەکرد بهاتنایە گازینۆکە بۆ ئەوەی چایەکی گەرمیان لەگەڵ بخواتەوە،

سەربازەکان دوای ئەوەی هەندێك میوەیان کڕی، بردیانەوە لای ئوتومبێلەکە، جارێکی تر بەرەو گازینۆکە هاتنەوە، حاجی لەبەر خۆی وتی دە فەرمووون، چا بخۆن،

بەهەلاو هەلاو لەحاجی رەتبوون بەرەو دوکانی تری ئەو شەقامە چوونە خوارێ، حاجی هەر چاوی لەو سەربازە ژنە چاوشین و قژ زەردە بوو کە لە تەنیشت جێبەکە وەستا بوو چەند منداڵێك لە دەوری بوون لەگەڵیان پێدەکەنی،

حاجی هەر لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد خۆی بەقوربانی کچە سەربازە ئەمریکەیەکە دەکرد..



پاش ماوەیەك خۆی بۆ نەگیراو بەرەو لای جێبە سەربازییەکە کەوتە رێ، لەدوکانی میوەفرۆشەکە مۆزێکی کڕیو بەرەو لای سەربازە قژ زەردە جوانەکە کەوتە رێگا، کە لێی نزیك بوو بەخەندەیەکی زۆرەوە بەژنە سەربازەکەی وت بەخێر بێی...

ولاتتان ئاوەدانکردەوە، کچە سەربازەکەی لەگەڵ دەست بەرزکردنەوەی حاجی تێگەیشت کە بەخێرهاتنی دەکات ئەویش بەپێکەنینەوە بەزمانی ئینگلیزی پێی وت زۆر سوپاس، دوای ئەوەی لێی نزیك بووە سەربازە ژنەکە دەستی درێژکرد بۆ حاجی تا تەوقەی لەگەڵ بکات. حاجیش لەخۆشیان خێراتر هەنگاوی هەڵێنا دەستی خستە نێو دەستی بەقایمی چەند جارێك دەستی ڕاوەشاندو پێی وت بەخێر بێن،

ئیتر ئێمەو ئێوە ئەبین بەیەك ماڵ لەئەم ولاتە بەیەکەوە دەژین، ئەمە ولاتی هەموو ئەو کەسانەیە کە خەڵکی لەمەینەتی رزگار دەکەن،

کچە چاوشینەکە زۆر بەدڵخۆشییەوە، لەگەڵ حاجی کەوتنە قسەکردن کە هیچیان لەیەکتری تێنەدەگەیشتن تەنها لەوە لە یەکتری دەگەیشتن کە حاجی بەهاتنی ئەوان دڵخۆشەو ئەوانیش بەو پیشوازییە گەرمە دڵخۆش بوون،

دوای ئەوەی حاجی تێگەیشت کە هیچی لێ حاڵی نابێت، ئەو مۆزەی بۆی هێنابوو لەناو عەلاگە رەشەکە دەریهێناو ویستی بیداتە سەربازە قەشەنگەکە، ئەویش رەتیکردەوەو وتی بیدە ئەو منداڵانە ئەویش لەئیشارەتەکانی تێگەیشت، حاجی سوێندی خوارد دەبێت بیخوات، لەناو ئەم کێشمە کێشمە دەی خۆی و نایخۆم،

**سەربازەکانی تر بەرەو لای ئوتومبیلەکە گەڕانەوە، کە حاجیان بینی بەگەرمییەوە دەستیان بۆ درێژکردو تەوقەیان لەگەڵ کرد، دوای ئەوە ویستیان بڕۆن حاجی بەزۆر وتی:**

**نابێت بڕۆن دەبێت لەم چایخانەیە چا بخۆنەوە ئینجا بڕۆن، یەکێك لەسەربازەکانە زمانی عەرەبی دەزانیو لەکوردیش حاڵی دەبوو بەڵام بەباشی نا..**

**ناوە ناوە بە حاجی ئەوت زۆر زۆر سوپاس حەیاتم،**

**حاجی ڕێگەی پێ نەدان تا بردنییە چایخانەکەو چایەکیان خواردەوە، سەربازە کچەکە هەر نەهات بۆ چایخانەکە، ناچار حاجی خۆی چایەکی لەپەرداغ بۆ بردو تا چایەکەی خواردەوە لەلای وەستا بۆ ئەوەی پەرداغەکە بباتەوە..**

**دوای گەڕانەوەی بۆ گازینۆکە سەربازەکانی تر، بەسوپاسەوە لەبەری هەستانو سوپاسی حاجیان کرد، حاجیش بەگەرمی بەڕێی کردنو تا..لای ئوتومبێلەکە لەگەڵیان چوو، لەکاتی ڕۆیشتنیان سەربازە ژنە چاوشینەکە دەستی بۆ حاجی درێژکرد بۆ ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکات،**

**حاجیش دەستی گرتو بەرەو ڕووی چوو دوو ماچی تەڕو.. توندی.. لەسەربازەکە کردو سەربازەکەش باوەشی بەحاجیدا کرد، پاش چەند چرکەیەك سەربازەکە لەحاجی جیابۆوەو بەرەو ناو بازاڕ کەوتنە ڕێگا، ئەم گفتوگۆیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ویستم بەرەو لای حاجی بڕۆم تا چەند قسەیەکی لەگەڵ بکەم، بەڵام حاجی خۆی بەرەو**



**لای گازینۆکە هاتەوە بەدڵێکی غەمگینەوە، لەنزیکم دانیشتو جگەرەیەکی داگیرساند..**

**وتم حاجی تۆ ئینگلیزی دەزانی، نا.. خوێندەواریشم نییە، ئەی چۆن لەگەڵ سەربازە ئەمریکیەکان قسەت دەکرد، وتی:**

**خۆزگە ئەمزانی، ئەگەر زمانم بزانیبایە ئەو سەربازە کچەم ڕازی دەکرد شووم پێ بکات. بۆ ئەوە.. نا کە لەگەڵ خۆی بمبات بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ ئەوەی لێرە بمێنێتەوە...**

**ئەی چۆن هێشتی ماچی بکەیت؟ ئەو ماچە دەبێتە بیرەوەرییەك ئەگەر گەڕایەوە وڵاتەکەشی قەت قەت لەبیری ناچێتەوە ئەو ماچەی من دەبێتە هەوێنی لەیەکتر نزیکبوونەوەی کوردو ئەمریکا.**

**خۆزگە.. خۆزگە.. ئەو سەربازە ئەمریکیە ڕازی دەبوو شووم پێ بکات، هیچم لەو دونیایە نەدەویست، دوای وتی بۆ کوێ دەڕوات هەر دەیبینمەوە. لەو دەمەدا ئوتومبیلێکی تری سەربازی بە بەردەممان ڕەت بوو حاجی هەڵسایە سەر پێیانو وتی بەقوربانتان بم. لەمەو دوا بەجلی کوردی وەرن بۆ بازاڕ بۆئەوەی بیسەلمێنن کە ئێمە هەموو نەتەوەیەکمان خۆش دەوێت.**

**وتم حاجی ئێستا بەمارێنز وەرتبگرن دەیکەیت؟ ئەرێوەڵا من ئەو هەموو شۆخە جوانەم لەگەڵ بێت بۆ هەر کونجێکی ئەم دونیایەم بنێرن نایەمەوە بەمەرجێك بە هانای گەلانی ژێردەستەوە بچین..**

**چوار وەرزی ساڵ بەدوای هێمنی، لانەیەك بۆ خۆشەویستدا دەگەڕێم تا ئەو حەزە گەورانەی هەمە لە نێو دەلاقەیەکی گچکەی رووەو رووناکییەکی پڕ لە عەشق و هەنگاوە پچڕ پچڕەکانم هەڵێنم،**

**چونکە لەوەتەی هەم ئەو وەرزەم بەخۆوە نەبینیووە کە بتوانم پڕ بە گەرووی خۆم بڵێم ئۆخەی یەکەمجار بەسۆزو ئەڤینێکی زۆرەوە لەگەڵ یەکی ئاشنا بووم کە پێم وابوو ئیدی تەواو دەبێت لەو هەواری عەشقەدا چۆڵەوانییەك بۆ خۆم ئاوەدان بکەمەوە.**

**جارێکی تر رووەو چۆڵەوانی هەنگاو هەڵنەهێنمەوە کەچی دوای دوو ساڵ و چەند ڕۆژێك حسابی من لەگەڵ ئەو تەواو بوو بێ‌ئەوەی بزانێت من چی دەڵێم ئەو بەردە نەگریسانەی کە هەموو ڕۆژێك سێ جار بەیەکیدا دەدان،**

**دایە دەستم لەو رۆژەوە ئیتر یەکتری نەناسینەوە، ئەو هەموو یادەوەرییانەمان سڕییەوە کە پیشتر بەبێ‌خواستی من و بەدڵخوازیی ئەو لەنێو دەفتەرێکی کرچ و کاڵدا تۆماردەکران،**

**من ئەو رۆژەم لەیادە، چونکە لەوەتەی بەدەفتەری ئەو ئاشنابووم رۆژێك نەمدی تەنها دێڕێکی هەڵەش بسڕیتەوە کە رۆژانە تەنها یەك وشەی راستی لەو دەفتەرەدا تۆمار نەکرد،**

**ئیدی نەمتوانی لەگەڵ ئەو هەموو وشانەدا هەڵبکەم کە رۆژی چەندجار لەنێویاندا غەرق دەبووم، نەمتوانی لەنێو لێفەیەك بمێنەوە کە ژێرەوەی پڕبوو لە پیلان و تەنها بۆ دامرکاندنەوەی حەزێکی**



**هەڵچووی گەرمی دەکرد، ئەوە شتانەی کە پڕبوون لەبەستەڵەکی ونبوون بەسەرچوون،**

**بەدوای خۆشی ژیان بزانم هەموو ئەو گاتانەم لەبیرچێتەوە کە ڕۆژ نەبوو پەتی سێدارە نەخرێتە ملی حەزەکانم، تا ئەو بەهارەم دوور لە بیرکردنەوە دۆزییەوە کە یەکتریمان ناسی لە ژوورە بچووکەکەی تا چەند مانگێك مەست مەست بووم لەنێو باخەڵیدا بێ هۆش کەوتم بەخەبەر هاتمەوە کە بەهاری بە یەك گەیشتمان تەواوببوو..**

**ئەو چەند دێڕەی سەرەوە رازی ژنێکی بەدبەختی ئەم دەڤەرەی ئێرەیە، لە سەر زمانی خۆی دەڵێت پاش ئەوەی لەمێردی یەکەم بەهۆی کەم عەقڵییەوە جیابوومەوە..**

**تەنها یادگاری ئەو کە لە لامە کوڕێکی چاوگەشی ژیکەڵەیە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خۆرەتاوا داوای بابە دەکات باش دانیشتنی.**

**دوو ساڵ، بە دیار تەمەنمەوەو ژیانێکی مەژیو مەمرە بڕیارمدا جارێکی تر لەگەڵ پیاویکی ژیردا بژیم کە هەموو ئەو ئارەزووانەی هەمە بۆم مەیسەربکات، بەڵام نەمزانی ئەویش لەبەهاردا بەهۆی پاشماوەی کیمیابارانی ساڵی 1998ی هەڵەبجە وەك، پیاوی یەکەم کە زستان تەواودەبێت بەهەڵە لەگەڵ سەرەتای بەهار دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە تا بەهار تەواو دەبێت ناگەڕێتەوە، لەم کاتە وەك شێت وایە هیچ قسەیەکی لە سەر یەك نییە، وەك شێت هەڵسوکەوت دەکات، بە یادی ئەم کارە ساتە هوشی نایەتەوە تا ناوەڕاستی هاوین. منیش ناچارم ژیانی لەگەڵ بەسەربەرم وەك منداڵ خزمەتی بکەم، بۆیە دەڵێم خۆزگە وەرزی بەهار لە ساڵدا نەمابا.**

# 13

# شەوە هیلاکەکانی تەمەن

13

## شەوە هیلاکەکانی تەمەن

دوای نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی رابردوو، لەشەقامی سەرەکی شار لەبەردەم ویستگەی پاس ژنیکی ئەسمەری رەش پۆش وەستابوو، ئەو چەند مەتریك لەوێستگە کە دوور کەوتبووە، لەدوورەوە بینم پاس هاتوو ئەو کچ و منداڵەی لەوی وەستا بوون، سەرکەوتن، ژنە رەش پۆشەکەش ناوەناوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد. چاوی لەسەر ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانە بوو کە بەخێرایی لەوی گوزەریان دەکرد بەتایبەتی ئەو ئوتۆمبێلانەی کە تەنها شوفیرەکەی تیدابوو, ناوەناوەش دەستی لی بەرز دەکردنەوەوە بۆ ئەوەی بۆی بووستن تادەهات من زیاتر لیی نزیك دەبوومەوە چەند مەترێك مابوو بگەمە لای دەستی بەرزکردووە, داوای وەستانی لیٚ کردم، هەرچەند تۆزیك خیرابووم لەرۆیشتن، بەڵام هیور بوومەوە و تۆزیك لەو تیپەڕیم لەلای چەپی جادەکە وەستام ئەو بۆ لای سەیارەکەم هات بەبی ئەوەی قسەم لەگەڵ بکات لەپێشەوە سەرکەوتوو پیی ووتم فەرموو کاکە بابڕۆ... بەرەو کوی؟

بەدەم رۆشتنەوە سەیریکم کرد و پیم ووت بۆ کوی بڕۆم. بەپێکەنینەوە بۆ کوی دەرۆی بڕۆ، بۆ بەهەشت، جەهەنەم بە ئارەزووی خۆت کویٚت لا خۆشە برۆ، سەیرم بە قسەکانی هات، بەخەندەیەکەوە وتی تۆ کویٚت لاخۆشە دەچینە ئەوی... سەری بەرز کردووە دوگمەی نیوان مەمکەکانی کردووە و خۆی لەهەوا ساردەکە نزیك کردەوە بەتیلە چاویکەوە سەیرم کرد و دوایی دوگمەی دووەمیشی کردەوە. هەردوو لای کراسەکەی گرت و بەرۆکی بۆ والاٚکردم هەردوو مەمکی هێنایە دەرەوە, وتی سەیری بکە شایەنی ئەوەن لەسەریان بخەویٚ. ئەو هەوڵی ئەدا کەبەهەر هۆیەك بێت سەرنجی من رابکێشی و هەستی سیکسیم بوروژێنی بۆیە ناوە ناوە دەستی دەهێنا بە سەر ڕانم بە دەم رێگاوە قسەی وروژنەری لی دەکردم. داوای, کرد کە بچین بۆ شوێنیك کە چۆل بێت داوای دەکرد ئەگەر ماڵ بیت باشترە بۆ ئەوەی ترسمان لەهیچ نەبێت.

لەکوی دەستی پی کرد

بەرلەوەی وەلاٚمی چەند پرسیارێکی بدەمەوە داوام لیکردگوێلیێبگرم بۆ ئەوەی باسی ژیانی خۆی بکات. بە ئاهێکی ساردەوە وتی تەمەنم نزیکەی 38ساڵ دەبێت لەتەمەنی 27ساڵییەوە بەریکەوت کوڕێکم ناسی کە خەڵکی دەوروبەری هەولێر بوو. بەهۆی کارکردنیەوە یەکترمان ناسی و پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەنیوانمان دروست بوو دوای ماوەیەك داوای لی کردم کە شوی پیبکەم منیش رازی بووم وهاتە داوام بەبی ئەوەی ئەلقەیەکیشی پی بکەم, دوای ئەوەی ماڵمان دروست کرد ماوەی زیاتر لەدوانزە ساڵ

بەیەکەوە ژیاین دوو منداڵم لیی پەیدابوو ئەو دوومنداڵەم زۆر خۆش دەویستن هەمیشە لەگەڵ خۆمم ئەبردن بۆ هەر شوێنیك چووبام. زۆر دڵم پییان خۆش بوو میردەکەشم زۆر خۆش دەویست هەمیشە بەیەکەوە سەفەرمان دەکرد، قەت بیرم لەشتی خراپ نەدەکردەوە، پیاوەکەم رۆژانە بۆ کار دەچووە دەرەوە جاری وا هەبوو سەعات 12ی شەو دەهاتەوە زۆر هیلاك دەبوو زور شەو تا چواری بەیانی لەشم دەشیلا بۆ ئەوەی باش پشوو بدات و بەئاسودەیی بخەوی.

### هەڵوەرینی گوڵی نیوانمان

میردەکەم لەپڕێکدا گۆڕانیکی بەسەرداهات بەشیوەیەکی تووندوتیژ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، هەر جاری دەهاتەوە ماڵەوە بەتوڕەیەکی زۆرەوە هاواری بەسەردا دەکردم، هەر خواردنیکم بۆ ئەهێنا نەی ئەخواردو نەی دەهێلا منداڵەکانیش بیخۆن. ژیانم تادەهات ناخۆش ئەبوو میردەکەم زیاتر خراپ دەبوو تاوای لیهات چەندین جار بەدار لییْ ئەدام بەبی ئەوەی پیم بلّی کە تاوانم چییە هەر چەند هەوڵم دا کە بزانم بۆچی وایلیهاتووە بەلاّم لێی تینەگەیشتم، ماوەیەکی زۆر شەوان لەگەڵم نەدەخەوت کاری جووتبوونمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد هەر چەندە من هەوڵم دا کە هەستی بوروژێنم بۆ ئەوەی وای لی بکەم کەبێتە .لام سودی نەبوو، زۆر زۆر هەولمّدا لەگەڵی بەلاّم سودی نەبوو رۆژ لەدوای رۆژ پەیوەندییەکانمان ئالۆزتر دەبوون منیش بڕیارم دا کە چیتر نەرم ونیانی نەنوینم لەئاستی بۆیە پەیوەندیەکانمان زۆر ئالۆز بوو تاگەیشتە جیابوونەوەمان لەماوەی هەفتەیەك لەیەکتری



جیابووینەوە، داوای لی کردم کەماڵەکە بەجی بهیلم رازیبووم بەمەرجێك مناڵەکانم لەگەڵ خۆم دەبەم بەلاّم رازی نەبوو، بەر لەوەی ماڵەکە بەجی بهیڵم منداڵەکانی لی شاردمەوە نازانم بۆ کویی بردن.

### گەڕانەوە بۆ ماڵی تەنیایی

بەناچاری گەڕامەوە ماڵی باوکم لەکەرکوك کە تەنها دایك و باوکیکی پیرم هەبوو تواناى هیچیان نەبوو جاریکی تر ژیانم لەوی دەست پی کردەوە بەلاّم زۆر جیاواز لەرۆژانی کچێنی و لاویتی، پاش مانگێك کەس نەبوو کارمان بۆ بکات مەسرفی رۆژانەمان بکات هەرچەند هەوڵمدا لەشوێنێك دابمەزریم بە خزمەتگوزار یان بە کارکەر. کارم دەست نەکەوت ناوە ناوە هەوڵمدا کە خۆم رابهێنم بۆ ئەوەی بتوانم لەماڵەوە بمێنمەوە بەلاّم رۆژ بەرۆژ ژیانم ناخۆش دەبوو لەبەر ئەوەی بژیووی ژیانم نەبوو هەندی رۆژ رووم دەکردە بازاڕ بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانم کاریك بکەم. بەلاّم بی سود بوو رۆژێك مامۆستایەك کە لەقوتابخانەیەك بوو نزیك ماڵی ئێمە بەهۆی دراوسێکمان داوای لی کردم کە نانی بۆ بکەم بەکری ،بەوکارە زۆر ئاسودە بووم دڵم خۆش بوو دوای ئەوەی کەنانەکەم بۆ کرد پاریەکی کەمی دامی بەلاّم چار نەبوو چەند جارێك ئەم کارەم بۆ کردوو بۆ چەندین مامۆستایی تریش ئەو کارەم کرد.

رۆژیکیان داوایان لی کردم کە بچمە ماڵیك بۆ ئەوەی لەوی نانیان بۆ بکەم بۆ ئەوەی هەرکاتێك پێویست بوو ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوی بچم. دەمەو نیوەڕۆیەك هاتن بەشوێنمدا بۆ ئەوەی بچم نانیان بۆ

بکەم لەماڵێك کە چووم ژوورەوە دوو کوڕی لی بوو کەسی تری لی نەبوو دوای ماوەیەك پشوودانم داوام لیکردن کە کارەکەیان بۆ بکەم یەکی لەکوڕەکان وتی: تۆ ناتەوی پارەی خۆت وەرگری پەلەی چیتە ئێستا ئامادە دەبین.

## راهاتن، سیکس، ژیان

پاش ئەوەی ماوەی چارەکە سەعاتیك چاوەڕیم کرد یەکێك لەکوڕەکان بەبیانوی هێنانی کەل وپەلی نانکردن رۆیشتە دەرەوە.کورەکەی تر کە تەمەنی لەنیوان 26– 28ساڵی بوو دەستی کرد بە گیرفانی پەنجا هەزار دیناری دەرهێنا و دایە دەستم باوەشی پیاکردم داوای لیکردم کە کاری سیکسیم لەگەڵ بکات، سەرەتا رازی نەبووم ویستم لەباوەشی بێمە دەرەوە بەڵام ئەو تونتر باوەشی پیادەکردم دواتر پاڵی خستم چەند جاریك سیکسی لەگەڵ کردم، دوای کوڕەکەی تریش هاتەوە، هەر لەژوورەکەوە نەیان هێشت هەڵسمەوە ئەویش چەند جارێك کاری سیکسی لەگەڵ کردم. ئەوەبوو دوو کوڕە بوونە موشتەری هەمیشەییم هەر کاتێك تەلەفۆنیان بۆ بکردبام دەچووم بۆ ئەو ماڵە چەندین کوڕی تریش لەڕیگەی ئەم دوو کوڕە دەهاتن بۆ رابواردن هەندێکیان زۆر ئازاریان ئەدام تابەیانی نەیان دەهێشت بخەوم بەچەند کەسیك سیکسیان لەگەڵ دەکردم ئیتر لەو رۆژەوە ئەو کارەبووە کاری بەردەوامم و لەو رێگایە پارە پەیدا ئەکەم.



ئیستا رۆژانە پارەیەکی باشم دەست دەکەوی دایکم و خۆشم بەشیوەیەکی باش بەم پارەیە دەژین دایکیشم دەزانی کە ئەم کارە دەکەم چەندین شەو لەماڵان ماومەتەوە جاری وا هەبووە بەهەفتە نەرۆیشتومەتەوە مەگەر نەخۆش کەوتبم ئەگەر نا لەماوەی سی ساڵی رابردوو بەردەوام کارم هەبووە چەندین موشتەریم هەیە ژمارەی مۆبایلەکەم لەلای ئەوان هەیە هی ئەوانیش لای من هەیە هەرکاتێکیش مۆبایلەکەم بگۆڕم ئاگاداریان دەکەمەوە من بەردەوام هاتووچۆ دەکەم لەسلیمانی و هەولیرو کەرکوك لەهەرسی شاریش خەڵکی تایبەتم هەیە.

## هەمان دووا ویستگە

پاش گەڕانیکی چل دەقیقەی بەدەوری شاردا داوای لیم کرد کە بەرامبەر پارەیەکی کەم لەگەلی رابویرم . هەر چەندە هەولی دا من رازی نەبووم دوای بەدڵساردیەکی زۆرەوە وتی: ئەزانم بەدڵت نیم وامەزانە روخسارم ئەوهایە من ئەزانم چ لەزەتیکی سکیست پی ئەدەم زۆر قسەی کرد تا قەناعەتم پی بهێنیت دواجار کەگەیشتمە هەمان ویستگەی کە سواری ئوتۆمبیلەکەم بوو داوای کرد دابەزی بەر لەدابەزینی ووتی من هەموو رۆژ لەکات ژمیر(12 –1) دوای نیوەرۆ لیرە ئەوەستم هەرکەسی بێت لەگەلی ئەرۆم.

15

## شەوی یەکەم

بۆ کارێکی رۆژنامەنووسی سەردانی یەکێك لەنەخۆشخانەکانی شارم کرد، بەبێ ئەوەی بەپاسەوانەکانی ئەوێ بڵێم کاری رۆژنامەنووسیم هەیە، لەترسی ئەوەی نەهێڵن بچمە ژورەوە، وتم دەچم سەردانی یەکێك لە نەخۆشەکان دەکەم، بەقسەی خۆش، پاسەوانەکان فەرموو فەرموویان لێکردم، زۆر مەمنونیانم، هەرچەندە کەمێك چاوەڕوانیم کرد تا دەربازبووم بۆ ژوورەوە، کاتی سەردانەکەم شەوێکی درەنگ وەخت بوو، لەناو نەخۆشخانەکە بەدوای هاوڕێیەکەم گەڕام، لەیەکێك لەهۆڵەکان دۆزیمەوە، ئەو زانی ئەگەر شتێك ببینم لەرۆژنامە لەسەری دەنووسم‌و بۆیە بەپەلە فەرمووی لێکردم‌و بردمیە ژووری حەوانەوەی‌و بۆماوەیەك داوای مۆڵەتی لێکردم لەبەر ئەوەی دکتۆری ئێشکگر لەنەخۆشخانەکە بوو،

دوای یەك چارەگە سەعات بەداوای لێبوردن هاتەوە لام،



پاش هەواڵ پرسین‌و گێڕانەووەی دەنگ‌و باسی هاوڕێیەکانی ترمان، یەکێك لەهاوڕێ ئێشکگرەکانی هاوڕێیەکەم بەپەلە هاتە ژوورەوە داوای کرد کە هاوڕێیەکەم لەگەڵی بچێت بۆ قاوشی دوو، هاوڕێیەکەشم وتی تۆ دابنیشە ئێستا دێمەوە،

پاش دواکەوتنی بۆ ماوەیەك هاتەوە لام، بەپێکەنینەوە وتی ئەم خەڵکە نازانێت بژی، وا دەزانێت ئەگەر شەوی یەکەمی زاوایەتی جوت نەبێت ئیتر شەرمەزاری بۆ دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەو وتەیە بەسەرسوڕمانەوە وتم چی بووە..؟

ئەوە کچێك بوو تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵان دەبوو، یەکەم شەوی بووك‌و زاوایەتیان بووە بەهۆی ئازاردانی پیاوەکە لەکاتی جوتبووندا تووشی دابەزینی خوێن بووە ئەوەندە ئازاری داوە کە کچە هیچ هۆشی لەخۆی نەماوەو خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، لەکاکی زاوام پرسیوە بۆچی وا ئازارت داوە،

بۆ ئێوە وا هەست دەکەن ئەگەر شەوی یەکەم جووت نەبن خۆتان بەپیاو نازانن، کاکی زاواش وتی ئاخر دکتۆر گیان بەلای منەوە ئاساییە بەڵام بەلای دایك‌و باوکم‌و خزمەکانم ئاسایی نییە ئەگەر شەوی یەکەم نەبم بەزاوا ئەوا ئابڕوم دەبەن،

منیش بۆئەوەی سەرەکۆنەم نەکەن‌و ئابڕوم نەبەن بەپەلە کاری جووتبوونەکەم ئەنجامداوە، چوومە دەرەوە لەژوورەکەم‌و بانگی دایك‌و باوکم کرد، باوکم ماچی کردم‌و وتی کوڕی باوکی خۆیەتی، دایکیشم ئەملاو ئەو لای ماچی کردم وتی پیرۆزت بێت رۆڵە گیان، دوای ئەوەی کە دایکم‌و باوکم وایان پێ وتم زیاتر هانیان دام بۆ

**کاری سێکسی و چوومەوە ژوورەوەو چەند جارێکی تر لەگەڵ هاوسەرەکەم جوتبووم،**

**من نەمدەزانی ئاوای لێدێت، هەرچەندە هەوڵمدا هاوکاری بکەم بۆ ئەوەی خوێنەکەی بووەستێت، بەڵام خوێنەکەی نەوەستا ناچار بووم بیهێنم بۆ ئێرە، لەڕووم نەهات بیبەم بۆ عیادە، ئەمە قسەی ئەو کوڕە زاوایە برسییە بوو کە لەژیانی ڕابردووی وەك خۆی وتەنی ئەمە یەکەم جارە کاری سێکسی ئەنجامدەدەم، بۆیە وا شێت و هار ببووم، هاوسەرەکەی خرایە ژێر چاودێری پزیشکی بۆماوەی یەك هەفتە لەنەخۆشخانە خەوێندراو دوو بتڵ خوێنیشیان تێکرد، کە یەکێکیان لەزاواکە وەرگیراو ئامۆژگاری زاواکەشیان کرد کە بۆماوەی یەك مانگ لەهاوسەرەکەی نزیك نەبێتەوە.**

**لەم قسانەدابوو جارێکی تر هاوڕێیەکەم تەلەفۆنی بۆکراو بەپەلە چوو بۆ قاوشی دوو، پاش ئەوەی ماوەیەکی پێ چوو منیش بێزار بووم لەدانیشتن و بەرەو قاوشی دوو ڕۆیشتم تا ماڵئاوایی لەهاوڕێیەکەم بکەم و بڕۆم بەبێ ئەوەی ئەو کارەی بۆی هاتبووم بۆم ئەنجام بدرێت، بینیم کچێکی جوانکیلیەی تەمەن (19) ساڵان هەر ناڵە ناڵێتی، پیاوێك و دوو ژنی بەسەرەوە بوون، داوام لەهاوڕێیەکەم کرد ئەگەر بتوانم بڕۆم ئەویش وتی مەڕۆ ئەمەش هەمان ڕووداوی پێشووە، کە بۆم باسکردی، بەیەکەوە لەقاوشەکە هاتینە دەرەوەو هاوڕێکەم وتی ئەم جارەیان کچە بەرگەی پیاوەکەی نەگرتووەو نزیکەی 17 ساڵ لەکچەکە گەورەترە، ئەمەش تووشی نەزیفی خوێن بووە، ئەم شەو پێنجشەممەیە ئیتر چاوەڕێی هی تریش دەکەین،**



**چونکە جاری وا هەیە شەش تا هەشت روداوی لەم شێوەیە دێن بۆ ئێرە، ئەم ڕووداوانەش ئاساییە بەڵام حاڵەتی وامان بۆدێت کە ماوەی زیاتر لەساڵێك تا دووساڵیش بگرە زیاتریش ژیان هاوسەریان پێکهێناوە، ئەم حاڵەتە دووبارە ئەبنەوە، لەهەفتەی رابردوو کچێکیان هێنا هەموو لەشی جێگای قەپی پیاوەکە بوو نازانم ئەمانە چین بۆ وەها تینووی سێکسن.**

**بەدەم پیاسەوە بەرەو دەرگای دەرەوەی نەخۆشخانە هاتینە دەرەوەو وتم کاکە گیان، لاوانی وڵاتی ئێمە هیچ زانیارییەکیان دەربارەی رۆشنبیریی سێکسی نییەو بۆیە تووشی ئەو حاڵەتە دەبن و زۆرجاریش بەهۆی شارەزانەبوونیان گەورەترین کێشە لەنێوان کوڕو کچە ڕوودەدات، یەکێکیش لەفاکتەرەکانی جیابوونەوەی ئەو رێژە زۆرەی ژن و مێرد کە لەلێکۆڵینەوەکانی دادگا ئاماژەی بۆ کراوە، نەبوونی شارەزاییە لەبواری رۆشنبیری سێکسی، بۆیە وا پێویستە کە لە قۆناغی سەرەتایی منداڵان و نەوەکانی داهاتوومان لەرێگای وانەی تایبەتەوە لەسەر رۆشنبیری سێکسی رابهێنین، تا چیتر لاوان وا بیر نەکەنەوە، ئەگەر لەشەوی یەکەمی بوك و زاوایەتیدا کاری جوتبوون ئەنجام نەدەن بەپیاو دانانرێن و باوکانیش وەها رابێنین، کە بەهاوسەربوونی کوڕو کچ تەنها بەشەوی یەکەم دەرناکەوێت، بەڵکو لەرۆژانی داهاتوو کاری جووتبوون دەبێتە بنەمای خۆشەویستی بۆ هەردوولاو تام و چێژێکی تر بەژیان دەبەخشێت و زانیاری رۆشنبیری سێکسی دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ تیمارکردنی زامە قوڵەکانی نەریتی باوی کوردەواری.**

## نووسەر لە چەند دێرێكدا:

– نەجات مستەفا خدر (نەجات روستی)

– لەدایكبووی ساڵی 1972

– خوێندنی سەرەتایی تا ئامادەیی لە هەریرو دیاناو شەقلاوە تەواوكردووە.

– ساڵی 1998 بەشی كارەبای پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی تەواوكردوە

– ساڵی 2001 بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەكنكیی سلێمانی تەواوكردووە.

– ساڵی 2005 بەشی راگەیاندنی كولێژی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی تەواوكردووە.

– لەم گۆڤارو رۆژنامانە كاریكردووە:

سەرنوسەری گۆڤاری ئاتەش بووە .هەولێر 1996

– سەرنوسەری گۆڤاری هەڵوێست بووە

– سلێمانی 1997

– سەرنوسەری گۆڤاری رۆشنایی بووە ,

سلێمانی

– 1998–1999

– سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژنامەوان بووە

2000–2001



– بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤاری بەهرە بووە

2001 - 2002

- سەرنوسەری رۆژنامەی نۆژەن بووە

2002 – 2005

– بەڕێوبەری نوسینی رۆژنامەی ڕێبازی خوێندكارن بووە

– جێگری سەرنوسەری گۆڤاری ڕێبازی خویندكاران بوە

– ئێستا سەرنوسەری گۆڤاری( رۆژنامەوان) ە

تایەبەت بەبواری رۆژنامەنوسی و راگەیاندن

– وتارو ریپورتاژ و چاوپێكەوتنی لە زوربەری گۆڤارو رۆژنامەكانی كوردستان و سایتەكانی ئەنترنیت بڵاو كردۆتەوە

## بەرهەمی ئامادەكراو بۆ چاپ

– پەیوەندی میدیای هەواڵ و رایگشتی

– بەرو رۆژنامەی سەردەم

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- بەرێز خەلیل عوسمان ئەندامی مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکان
- بەرێز جەمال حسێن ئەندامی مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکان
- هیوا حەمید سکرتێری رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان
- رۆژنامەنوس کارزان محەمەد
- مامۆستا عباس جمعە
= ماموستا یاسین
- خاتوو سەیران عەبدولرحمان
- سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان
- هەموو ئەو بەرێزانەی هاوکاریان کردووم